# کشتوکاڵ و گۆڕانی کەش و هەوا لە عێراق

**ڕاپۆرتێکە ڕێکخراوەکانی ئۆکسفام و دیدەی جیهانی و پاراستنی منداڵان ئامادەی کردوە**

**ئاداری ٢٠٢٢**




**پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر مەحەمەد عەزیز سەعید**

**لە ئینگلیزیەوە کردویە بە کوردی**

**زانکۆی نۆڵج – هەولێر**

[Mohammed.aziz@knu.edu.iq](mailto:Mohammed.aziz@knu.edu.iq)


**هەولێر**

**مایسی ٢٠٢٥**

# UNFARMED NOW.

# UNIHABITED WHEN?

## Agriculture and Climate Change in Iraq

A report prepared by World Vision, Save the Children and Oxfam

March 2022

Translated into Kurdish Language by

Assistant Professor Dr. Mohammed Azeez Saeed

Erbil, Kurdistan Region – Iraq

May 2025

**Intention:** Agriculture is the key issue of living of the community everywhere and historically it has been considered as the most and major activity conducted by human on the earth. The infrastructure of the economy of the states rely on agriculture. Yet the economy of poor and marginal farmers depends on it. During the course of the history, Iraq has been considered as the birthplace of agriculture. The agriculture and livestock activities are mainly affected by the droughts and climate change phenomenon raised during the last five decades.

Iraq (Mesopotamia), as one of the middle eastern country has been greatly affected by the climate change and by the strategies conducted by the neighboring countries about the water resources, especially those where the transboundary upstream water springs are located in (Turkey and Iran).

This report is prepared by Oxfam, World Vision and Save the children in March 2022, to research, study, analysis and tackled the water management crisis, and its impacts on agriculture in Iraq.

Due to the importance of this issue, I have been permitted by Oxfam to translate it into Kurdish language in order to be read and understand by the Kurdish Community and relevant authorities all over the world.

Mohammed, May 2025

کشتوکاڵ کلیل و سەرچاوەی ژیانی کۆمەڵگایە لە هەموو شوێنێک و لە مێژوودا، کشتوکاڵ دانراوە بە گرنگترین و گەورەترین چالاکی مرۆڤایەتی لە سەر ڕووی زەوی. ژێرخانی ئابووری وڵاتان پشت بە کشتوکاڵ دەبەستێ، و ئابووری و داهاتی جوتیارانی هەژار پەیوەستە بە کشتوکاڵ. لە ڕووی مێژوییەوە، عێراق یەکەم ناوچە

بووە کشتوکاڵی لێکراوە. کشتوکاڵ و ئاژەڵداری کاریگەربوون بە وشکایی و دیاردەی گۆڕانی کەشو هەوا کە لە ماوەی پەنجا ساڵی ڕابووردوو سەری هەڵداوە.

عێراق ( میزۆپۆتامیا) یەکێکە لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕانی کەش و هەواو وشکایی و ستراتیژی وڵاتانی دراوسێ بە تایبەت ئەو وڵاتانەی سەرچاوەی ئاوی ڕووبارەکانی لێ هەڵدەقولێ کاری تێکردووە ( تورکیا و ئێران).

ئەو ڕاپۆرتە لە ئاداری ٢٠٢٢ ڕێکخراوی دیدەی جیهان و پاراستنی منداڵان و ئۆکسفام ئامادەیان کردووە، و بریتیە لە توێژینەوە و دیراسە و شیکردنەوەی کێشەی بەڕێوەبردن و بەکارهێنانی ئاو و کاریگەریەکانی لە سەر کشتوکاڵ لە عێراق.

لەبەر گرینگی بابەتەکە و بۆ مەبەستی کۆمەڵگای کوردی و کاربەدەستانی کورد سوودی لێوەربگرن، ڕیکخراوی ئۆکسفام مۆڵەتی پێدام لە ئینگلیزیەوە وریگێڕم بۆ سەر زمانی کوردی.

وەرگێڕ - مایس ٢٠٢٥

جوتیارانی خاوەن زەوی کشتوکاڵی بچووک لە عێراق زەرەرمەندی سەرەکین لە دیاردەی گۆڕانی کەش و هەوا و کەمبوونەوەی ئاو. لەگەڵ کەمبوونەوەی باران و بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی، بەرووبوومی کشتوکاڵ کەمدەکات. توانای جوتیاران بۆ بەرەنگاربوونەوە و چارەسەرکردنی ستەمتر دەبێت. جوتیارەکان هیلاک دەبن و هەست دەکەن بە تەنیا بەجێ ماون بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو کارەساتە سروشتیە. زۆر لەو جوتیارانە زەوییەکانیان بەجێ دەهێڵن بە دوای هەلێکی باشتری ژیان دەگەڕێن دوور لە زەوی و زارەکانیان و دەشتەکان.

لایەنەکانی پەیوەندیدار  پێویستە جوڵە بکەن بە دابینکردنی سەرچاوەکان و ئارەزووی ڕامیاری و بۆ پشتیوانی کردنی جوتیاران و  کەرتی کشتوکاڵ لە ڕێگەی دانانی ستراتیژیەکی نیشتمانی و دیدەیەکی ڕوون بۆ پێداویستیە هەنووکەیەکان و پێشبینکردنی گۆڕانی کەش و هەوای چڕ. لەکاتێکا کشتوکاڵ لە ناوجەرگەی ڕابووردوو و ئێستای عێراق دایە، پێگەی کشتوکاڵ لە داهاتووی وڵات لە دۆخی مەترسیدایە.

ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن بەڕێزان لیلی برهوم ( ئۆکسفام) و ئیالیس ناڵبەندیان ( دیدەی جیهان) ئامادەکراوە. ئوکسفام و دیدەی جیهان  هاوکاری خاتوو نور موسا ( ڕێکخراوی پاراستنی منداڵان) بەرز دەنرخێنێ. ئەوەش بەشێکە لە زنجیرەیەک نووسین و ڕاپۆرت بۆ مەبەستی هۆشیارکردنەوەی حکومەت و کۆمەڵگا لەسەر بەرەوپێشچوونی بابەتە سیاسەکانی مرۆڤایەتی.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بابەتەکانی ئەو ڕاپۆرتە خوێنەر دەتوانی نامە بنێری بۆ ئەو ئیمێڵە:

advocacy@oxfaminternational.org

The information in this publication is correct at the time of going to the press.

Published by Oxfam GB for Oxfam International under ISBN 978-1-78748-878-6 in March 2022. DOI:10.21201/2022.8786
Oxfam GB, Oxfam House, John Smith Drive, Cowley, Oxford, OX4 2JY, UK.
Cover photo: A plant finds room to grow amongst the parched basin of Iraq's Lake Hamrin. Pablo Tosco/Oxfam in Iraq 2021.

# پوختە:

گۆڕانی کەش و هەوا، وشکایی و بەڕێوەبردنی کارەکانی تایبەت بەو ئاوانەی سنووری نێوان وڵاتان دەبڕن و پێویستی زیاتری بەڕێوەبردن و حەوکەمەی ژێرخانی ئاو و سەرچاوەکان بووەتە هۆی سەرهەڵدانی کێشەکانی ترسناکی کەمی ئاو و چۆری ئاو لە عێراق. ئەو کێشانە بە شێوەیەکی ترسناک کاری کردۆتە سەر ژیانی هەزاران جوتیاری عێراق و تەگەرەی بەرچاوی پێشکەوتنی ناوچەکە.

لەدەستدانی بەروبوومی کشتوکاڵ بە هۆی کەمی ئاو و نەبوونی سەرچاوەی شایەستە بۆ جوتیاران ئێستاکە کاریگەری کردۆتە سەر دۆخی کەرتی کشتوکاڵ کە دووەم گەرەترین هاوکاری سەرچاوەی داهاتی ئابووری عێراقە دوای نەوت . ئەوەش لەخۆیدا دۆخی داریی و ئابووری دەخاتە دۆخێکی ترسناکەوە کە پشت بە داهاتی نەوتەوە دەبەستێت.

ئەو ڕاپۆرتە وانیشان دەدات کە لە ساڵی ٢٠٢١ جوتیاران کەمتر بەرهەمیان چاندوە بەهۆکاری چەند کێشەیەک بەرەنگاریان بووەوە. هەروەها وەبەرهێنانی بەروبوومی کەم وای کرد نرخی برنج و خواردن و ئالیکی ئاژەڵ بەرزببێتەوە، ئەوەش لەکاتێکا بوو کە خۆی لە بەرزبوونەوەدا بوو بە هۆیٚ ئابووری لەسەرەخۆ و داڕمانی نرخی پەترۆڵ و بڕیاری ساڵی ٢٠٢٠ حکومەت لە سەر دابەزینی نرخی دینار بەرامبەر بە دۆلار. لەدەرئەنجامدا سەدان هەزار کەس کە پشتیان بەستبوو بە شێوازی کۆنی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، چیتر ناتوانن بەردەوامبن و هیچ داهاتوویەکی ڕوون نابینن. زۆرینەی جوتیاران بۆیان دەرکەوت کە کەرتی کشتوکاڵ تاوەکوو ئێستا سەرچاوەی سەرەکی هەلی کار بوو بۆ دانیشتوانی گوندەکان، چیتر ناتوانی پێداویستی ژیانیان دابین بکات.

بەڵگەکانی بەردەست وانیشان دەدەن کە کەمی ئاو و نەمانی پێداویستەکانی ژیان و بەرزی نرخی ژیان هۆکاری کۆچکردنن و لە گوندەکانەوە بەرەو شارەکان بڕۆن. باسکردن لەگەڵ جوتیارەکان وای نیشان دەدەن کە زۆربەیان هیچ ئاسۆیەکی ڕوون نابینن بە مانەوەیان لە کەرتی کشتوکاڵ ئەگەر بارو دۆخەکە بەو شێوەیە بەردەوام بێت. هەر لەئێستاوە هەندیٚ خێزان دەستیان بە جووڵەکردوە بەرەو شارەکان. ئەوەش لەگەڵ داتاکانی ڕێکخراوی نێودەولەتی کۆچکردن هاوڕێکە. ڕاپۆرتی جیاوازی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچبەران وانیشان دەدەن کە سەدان خێزانی هەژار کە لەکاتی خۆیدا گواسترابوونەوە لە ناوچەکانی بەسرە و دیالە و نەینەوا دەستیانکردووە بە کۆچکردن بەرەو شارەکان.

لەگەڵ کەمی ئاو و لەدەستدانی ئاست و بەرزبوونەوەی نرخی خواردن ، کۆچکردن لە لادێکانەوە بەرەو شاروشارۆچکەکان لە ناوچە جیاکانی عێراق لە زیادبوون دایە. هەروەها، ئەگەری تێکچونی شارستانی لە عێراق لە داهاتوو لە ئارادایە بە هۆی تێکچوونی خزمەتگوزاری و تێکچونی کەرتی کشتوکاڵ. وا پێشبین دەکرێ کە ئەو هۆکارە سەختانە ببنە هۆی ناشەقامگیری و کەمبوونەوەی دۆخی ئاسایش و سەرهەڵدانی کێشە و بەیەکدادانی عەشیرەتەکان لە نێوان خۆیاندا لەسەر سەرچاوەکانی ئاو، بەتایبەت بە بوونی کێشە و ناجێگیری لەنێو کۆمەڵگا کە هەوڵدەدا هەستێتەوە سەر پێ لە دوای ساڵانی جەنگ. بۆ ئەو مەبەستە، ڕێکخراوەکانی ئۆکسفام و دیدەی جیهانی و پاراستنی منداڵان داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکەن کە دەستی یارمەتی و پشتگیری درێژ بکەن بۆ ڕزگارکردنی عێراق لەو مەینەتە و هاوکاریکردن و پاڵپشتی درێژخایەنی جوتیاران بۆ ئەوەی بتوانن کەرتی کشتوکاڵ لەگەڵ ئەو دۆخە تازەیە بگونجێنن لەبەر ڕۆشنایی پێویستیەکانی ئیستا و داهاتوو، لە هەمان کاتدا گۆڕانی کەش و هەواو وشکانە بە هەند وەربگرن. هەروەها پێویستە وەبەرهێنانی گشتی بە هەند وەربگیرێ بۆ مەبەستی دروستکردنی هەلی ئابووری دوور چاندن لە گوندەکان. ئەوەش یاریدەر دەبێت نەک وەک پشتگیری ئاستی جوتیاران بەڵکو بۆ نەشونماکردنی کەرتی کشتوکاڵ و هاوکاری و بەشداری لە بەروبوومی ناوخۆیی. لێرەدا هانی حکومەتی فیدڕاڵی و حکومەتی هەرێمی کوردوستان دەدەین کە گرنگی بدەن بە کەرتی کشتوکاڵ و نەهێشتنی بەستەڵەکەکان لە پێش بەروبوومی کشتوکاڵ. پێشنیازەکان کە دەبێ بکرێ بۆ خۆشکردی زەویەکان و ڕەچاوکردنی ئابووری و تەکنیکی بۆ بەهێزکردنی کەرتی کشتوکاڵ.

### حکومەتی عێراقی فیدڕاڵ و حکومەتی هەرێمی کوردوستان پێویستە ئەو چالاکیانەی خوارەوە ئەنجامبدەن:

- هەڵی دیبلۆماسی بدەن بۆ ڕێکخستنی هەوڵی کاریگەر بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ئاوانەی لە سنووری نێوان دەوڵەتان دەپەڕنەوە، و دامەزراندنی فرەهاوکاری درێژخایەن لە گەڵ وڵاتانی دراوسێ ئەوانەی لە سەرچاوەی گۆمی ڕووبارەکانی دجلە و فورات هاوبەشن. ستراتیژی پێویستە بۆ بەرەو پێشبردن و بەردەوام بوونی یەکسان و هاوسەنگی لە ڕووی ژینگەوە لە بەکارهێنانی ئاو لەسەر بنەمای بڕی پێویستی ئاو بۆ هەر دەوڵەتێک، بینا بکرێ لە سەر بنەمای یەکسانی هاوبەشی بەکارهێنانی سەرچاوەکان.
- لەسەر پلانی ئێستای حکومەتی عێراقی فیدڕال، دامەزراندن و پیادەکردنی چوارچێوەی ئابووری فرەچەشن بۆ مەبەستی مسۆگەرکردنی

هاوبەشبوونی بەرووبوومی ناوخۆیی کشتوکاڵ و کەرتەکانی تر زۆر بووە و پشتبەستن بە داهاتی نەوتی کەمبووەتەوە.

- زۆربوونی ڕۆڵی کشتوکاڵ لە بەرووبوومی ناوخۆیی بە دیاری کردنی سەرچاوەکان بۆ بەرەو پێشچوونی ئەو کەرتە، پشتگیریکردنی کۆمەڵگای گوندەکان و یارمەتیدانی جوتیاران بۆ پەرەپێدان و چاککردنی بەروبوومیان و بەرگری کردن و وەستان بە ڕووی مەترسیکانی کەش و هەوا.
- پەیڕەوکردنی ستراتیژی نیشتمانی بۆ مەبەستی ڕاهاتن و کەمکردنەوە، لەگەڵ بوونی دیدەیەکی ڕوونی و پێداویستیەکانی هەنووکەیی و پێشبینکردنی داهاتووی گاریگەری گۆڕانی کەش و هەوا. ئەو جۆرە ستراتیژیە پێویستی بە دانپێدانان هەیە ، و ئارەزووی سیاسی و تەرخانکردنی بوودجەی پێویست لە لایەن حکومەتی فیدڕاڵ.
- داڕشتنی پڵان بۆ پاراستنی بەروبوومی ناوخۆ بەرامبەر بەروبوومی هاوردەکراو لە وڵاتانی دراوسێوە. ئەو پڵانانە پێویستە داڕێژرێن و پیادەبکرێن لەلایەن حکومەتی فیدڕاڵ و حکومەتی هەرێمی کوردوستان.
- داڕشتنی پلانی ڕوون بۆ بە سیستەمکردنی نرخی کارەبا و کەرتی ئاو، بۆ مەبەستی زیادکردنی ئاستی وەبەرهێنان و کەمردنەوەی بەهەدەردان. ئەو جۆرە پلانە پاڵپشت دەبێت بۆ زیادبوونی داهاتی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی ئەو کەرتانە.
- گرینگی دان بە کۆچکردنی هەنوو کەیی و زۆری لە گوندەکانەوە بەرە و شارو شارۆچکەکان بە بوونی ئارەزووی سیاسی ئەوەش بە دابینکردن و دیاریکردنی سەرچاوەی دارایی پێویست بۆ پاڵپشتی کردن بەوەی کەژیانی گوندەکان و ناوچە کشتوکاڵیەکان گرینکە و ئاستی خۆشگوزەرانی لێی بەرزە و یارمەتیدان وەدەست هێنانی هەلی ئابووری لە ناوەوە و دەرەوەی زەوی کشتوکاڵ.
- بۆمەبەستی بەڕێوەبردنی باشتری سەرچاوەکانی ئاو و دیاریکردنی پێداویستەکان، تێکەڵبوونی زیاتر و نزیکتر لە گەڵ لایەنەکانی خۆجێی کەرتە جیاوازەکان لەسەر ئاستی پارێزگاکان لە پڕۆسەکانی بڕیاردان.
- دامەزراندنی سیستەوی ئاگادرکردنوەی زوو لە نێو کۆمەڵگاکانی کاریگەر بۆ مەبەستی کەمکردنەوەی مەترسیەکانی وشکی لە ئاستی خۆجێیی. ئەو جۆرە سیستەمانە ئامادەکاریەکان بە هێز دەکات، بەڕێوەبردنی ئاو باشتر دەکات و لە دەستدانی بەروبووم کەمدەکاتەوە.

- دانانی پلانی نیشتمانی کاریگەر بۆ مەبەستی سوود وەرگرتن و کۆکردنەوەی ئاوی باران، باتایبەت لەو شوێنانەی ئەگەری بەلافاو بوون هەیە، بە ئامانجی کەمکردنەوەی کاریگەری لافاوەکان و بە کارهێنانی لە وەرزە وشکەکان.
- پیادەکردنی بەڕێوەبردنی ئاوی کاریگەر بۆ مەبەستی کەمکردنەوەی لە دەستدانی ئاو لە کاتی زیادەڕۆییدا و ژێرخانی لاواز، شێوازی ئاودانی کۆن و کستوکاڵیکردن و بوون بەهەڵم ، بەتایبەت لە ئاوی سەر ڕوو کراوەکان.
- دانی پشتیوانی ڕوون و ستراتیجی باش بە جوتیاران بە درێژایی ماوەی کشتوکاڵ کردن، لە وەبەرهێنانەوە تاوەکوو بەبازاڕکردن. ئەوەش بریتیە لە دیاریکردنی سەرچاوەکان بۆ مەبەستی گۆگاکردن و پێداویستەکانی بە پڕۆسەکردن و بۆ سوودوەرگرتن لە بەروبووم و کەمکردنەوەی زیانی بەروبوومەکە و پڕبوونی بازارەکانی خۆجێیی.
- گرینگیدان بە وەبەرهێنان لە یەکەکانی توێژینەوە، بەتایبەتی ئەو یەکانەی لە زانکۆکانن، بۆ مەبەستی تویژینەوە و شیکارەکان و دانانی پڵانی ستراتیژی گاریگەری پێویست بۆ پەرەپێدان و بەردەوام بوونی کەرتی کشتوکاڵ لە عێراق. دەکرێ سوود وەربگیرێ لەو یەکانە بۆ دراسەکردنی کەموکورتیەکانی زانیارییەکان و پشتیوانیکردنی بۆچوونەکان و ڕێگاکنی ناساندنی کێشەکان و کەمکردنەوەی پێوەرەکان بۆ بەرەنگار بوونەوەی کاریگەری وشکایی و گۆڕانی کەشوهەوا.
- پەیرەوکردنی سیستەمی هۆشیارکردنەوەی تایبەت بە کەموکورتی ئاو و پەرتکردن، بەڕێوەبردنی ئاو و بەکارهێنانی بۆ جوتیاران و کۆمەڵگا.

## پێویستە کارمەندانی نیشتیمانی و نێودەوڵەتی و وەزیرەکان و بەڕێوەبەرایەتیەکانی پەیوەندیدار کار بکەن بۆ:

- پشتگیریکردنی چاککردن و مۆدێرنکردنی شێوازی ئاودان و سیستەمەکانی بەکارهێنانی زەوی بۆ بەڕێوەبردنی بەکارهێنانی ئاو و بەرەنگاربوونەوەی لەناوچوونی زەوی کشتوکاڵی و بەخوێ بوون. بەکارهێنانی ئامێری پاڵنانی ئاو کار بکات بە وزەی خۆر چارەسەرێکی کاریگەردەبێت و پێویست دەبێت بۆ جوتیاران، هەروەها بۆماوەی درێژخایەن کاردەکات و بەردەوامی بنەمایەکی سەرەکیە.
- پشتگیریکردنی بەڕێوەبردنی ئاوی بەردەوام و کارا و هاندان بۆ بەکارهێنانی بەشێوازی ئاودانی دڵۆپە و سیستەمی ژینگەیی (

ئیکۆسیستەم) بۆ مەبەستی پاراستنی ئاو. لەناوچە باراناوییەکان ، بۆچوونی ئیکۆسیستەم هۆکار دەبێت بۆ زیادبوونی بڕی ئاوی کۆگاکراو لە ناو خاک دا و لە ئاستی زۆنی ڕەگی بەروبوومەکان، بۆ نموونە، کەمکردنەوەی کێڵانی زەوی. بەڕیوەبردنی جۆر و بەکارهێنانی پاودەر بۆ ڕێگریگرتن لە لەدەستدانی ئاو بە پڕۆسەی بوون بە هەڵم. لە کۆکردنەوەی ئاوی جوتیار و بەڕێوەبردنی ئاوەڕۆ ( قڵشان و کون و کەلەبەر لە زەوی و هۆکارەکان) یارمەتی جوتیاران دەدات بۆ زۆربوونی پەرتبوونی ئاو. هەروەها جوتیارەکان دەتوانن شێوازی چاندنی قوڵتری ڕەگی بەروبووم بەکاربهێنن.

- هاندانی جوتیاران بۆ بەکارهێنانی سیستەمی نوێی ئاودان و ڕێگاکانی کشتوکاڵکردن و زیادکردنی وەدەستهێنانی بودجە بۆ پشتیوانیکردن لەو گۆڕانکاریانە.
- پشتیوانیکردن لە بەکارهێنانی کشتوکاڵکردنی درێژخایەنی بەردەوام لەجیاتی وەبەرهێنان بۆ وەستهێنانی و زۆربوونی داهاتی کورتخایەن. ئەوەش پشتیوانکردنی جوتیاران دەگرێتەوە بە گواستنەوە بۆ شێوازی سیستەمی ئاودانی کەشی زیرەک.
- دابینکردنی بودجە و پشتیوانی تەکنیکی بۆ دەرئەنجامی درێژخایەن، نموونە بەڕێوەبردنی گۆماوەکانی بەکۆمەڵ و بەکارهێنانی وزەی خۆر بۆ بەڕێوەبردنی بیرەکان و پەمپەکانی ئاو.
- دابینکردنی سیستەمی ئاگادارکردنەوە و هۆشیارکردنەوەی جوتیاران، بەهێزکردنی تواناکان و پشتیوانی تەکنیکی بۆ مەبەستی پیادەکردنی چالاکیەکانی کەشوهەوای زیرەکی کشتوکاڵ و خزمەتگوزاری ڕێنماییەکانی کشتوکاڵ کە داڕێژراون بۆ مەبەستی دیاریکردنی ئەو پێویستیانەی بەستراونەتەوە بە وشکایی.
- بەگەڕخستنی هۆکارەجیاوازەکان، لە نێویان دا ڕێکخراوی جوتیاران بۆ ئەوەی دەنگی جوتیاران بەهێز ببێت و متەمانەیان و بەشداریکردنیان لە پڕۆسەی بڕیاردان. ئەوجۆرە بەشداریکردنانە دەبێتە هۆی ئاڵوگۆڕکردنی زانین و بیروڕا و هاندانی دەستپێشخەریەکانی خۆجێی بۆ پشتیوانیکردنی کەرتی کشتوکاڵ. هەر لێرەدا پێویستە گوێبگیرێ لە ئافرەتە جوتیارەکان و مسۆکەرکردنی بەهێزکردنی دەنگ و بیروڕایان یەکسان بە جوتیارانی پیاو و نوێنەرایەتی کاریگەریان هەبێ لە بڕیاردان لە ئاستی جیاوازی بەڕێوەبردنی ئاو.

- یارمەتیدان لە بیناکردنی توانای یەکیەتیەکانی جوتیاران و ڕێکخراوەکان و مسۆگەرکردنی بوونی نوێنەرایەتی کاریگەر لە بڕیاردان و بەپیرەوە چوونی پێداویستەکان.
- هەوڵدان، لەوانەش زیادکردنی هۆشیارکردنەوە و بانگەوازی نیشتیمانی ، بۆ مەبەستی زیادکردنی باوەڕپێکردن و متەمانەبوونی هاوڵاتیان بە بەروبوومی ناو خۆ.
- هاندانی زۆربوونی ئافرەتان بە بەشداریکردن لە پرۆسەی بڕیاردان و بەرەنگاربوونەوەی بەربەستی کۆمەڵایەتی بەرامبەر ڕۆڵی ئافرەتان لە کەرتی کشتوکاڵ دا.
- گرینگی دان بە پلانی سەنتەری کێشەکانی منداڵان و بەشداریکردنی منداڵان لە بانگەشەو پشتگیری کەشوهەوا. منداڵان بەشێکن لەو گروپانەی دەکەونە ژێر کاریگەری وشکایی و ئەلەنگاریەکانی کەشوهەوا، کە تاوەکوو ئێستا زۆر بەکەمی باسیان لێوەکراوە.
- بەکارهێنانی بۆچوونە پەیوەندیدارەکان لە پرۆگرامەکاندا بە دەستنیشانکردنی پێداویستە بەپەلەکان و دانانی پرۆگرامی درێژخایەن و دەستنیشاکردنی هۆکارەکانی ئەلەنگاریەکان لە ڕەگ و ڕیشەوە.
- داڕشتنی پلانی ئابووری کۆمەڵایەتی بۆ دەستنیشانکردنی بابەتەکانی نایەکسانی لە عێراق. پێویستە ئەو پلانە بەکاربێت بۆ داڕشتنی پرۆگرامی گشتگیر و بەهەند وەرگرتی نایەکسانیەکانی چەقیو کە لەنێوان کۆمەڵانی جیاوازی کۆمەڵگا ڕیشەی داکوتاوە. هەوڵدانی زۆرتر پێویستە بۆ بەهێزکردنی بەرگریکەرەکان. گرووپی زۆر توشی ترس دەبن و هەماهەنگیان سوود بە پێویستەکانیان دەگەیەنێ.
- مسۆگەرکردنی زیادبوونی لێپرسینەوە و بەرچاو ڕوونی لە بڕیاردان و مسۆگەرکردنی نیشتمانی و خۆجێی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای شارستانی ڕۆڵیان هەبێ لەپرۆسەی بڕیاردان و هەستکردنیان و پێادەکردنی میکانتیزمەکانی لێپرسینەوە.

## پێشەکی:

کاریگەری دۆخی مرۆڤایەتی لە عێراق بۆ زیاتر لە پێنج ساڵ مایەوە دوای کۆتایی هاتنی پرۆسە سەربازییەکانی دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێڕاق و سوریا ( داعش). عێڕاق کەوتۆتە ژێرکاریگەری چەندین تەنگ و چەڵەمەی جیاواز، بۆ چەند دەیەیەک، توندوتیژی دووبارەبووەوە و ڕاگواستن، و داڕمانی ئابووری و چالاکیەکانی گرووپە چەکدارەکان. لاوازی خزموتگوزاری گشتی بەرەنکاربوونەوەی حوکمڕانی. وڵات ڕووبەڕووی ناسەقامگیری ڕامیاری و ناڕەزایی دەربڕینی ئەو دواییە کە بووە هۆی پێکهێنانی حکومەتی نوێ لە مایسی ٢٠٢٠ و هەڵبژاردنی پێش وەخت لە مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١.

عێراق کەوتە ژێرگاریگەری دوو ڕووداوی دڵتەزێن، یەکێکیان بڵاوبوونەوەی پەتای کۆفید-١٩ و ئەویتریان لەسەرەتای ساڵی ٢٠٢٠ نرخی نەوت دابەزی، ئەوانەش هۆکاربوون بۆ سەرهەڵدانی ئابووری - کۆمەڵایەتی لاواز. عێڕاق وڵاتێکە کە زۆر پشت دەبەستێ بە نەوت: لە دەساڵی ڕابووردوو، لە سەدا ٩٩ ی داهات لەسەر لەسەر ناردنەدەرەوەی نەوت بووە، لەسەدا ٨٥ ی بوودجەی حکومەت و لە سەدا ٤٢ ی وەبەرهێنانی خۆجێی. ئەو زیاد پشتبەستنە بە داهاتی نەوت وایکرد ئابووری عێڕاق ناسەقامگیر بێت، و هاننەدانی وەبەرهێنانی کەرتەکانی تر. لەگەڵ ئەو شۆکانە ، داهاتی دارایی حکومەت بەڕێژەی لەسەدا ٤٧,٥ دابەزی، ساڵ- لە – دوا ساڵ لە یەکەم هەشت مانگی ٢٠٢٠، ئەوەش وایکرد داراییەکی سنووردردار بێتەکایەوە و ئاستێکی خەرجی بەرز. لەگەڵ ئەوەشدا پەتای کۆڤید-١٩ کاریگەری هەبوو لەسەر هەلی ژیانداری و خزمەتگوزاریە بنەڕەتیەکان. هەو هۆکارانە زیاتر خەڵکی بەرەو هەژاری برد و لاوازی لە وڵات قوڵترکرد.

ئەو دۆخەی عێراق خەسڵەتی ڕاگواستنی درێژخایەنی هەبوو، ماوەیەکی زۆری گەڕاوەکان و ماڵە ناتەواوە ئاوەدانکردنەوەکان و کەمی خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان و کەمی هەلی هۆکارەکانی ژیان و خواردەمەنی بۆ کۆمەڵگا. ئەمڕۆکە زیاتر لە یەک ملیۆن ڕاگوازراوی عێڕاقی هەیە، لە هەموو ناوچەکان ڕیژەیەکی لەسەرەخۆی گەڕانەوەیانهەیە، هەرکەسە و بە ئارەزووی خۆی بەدیدەکرێ. لە هەر پێنج عێڕاقی گەڕاوە بۆ شوێنەکانیان کە لێیەوە ڕاگوازرابوون، دوویان بەهۆی نەبوونی هۆکارەکانی خزمەتگوزاری سەرەتاییەکانە، نە ئابووریەکی پێویست وە نە ماڵێکی گونجاو.

لەهەمان کاتدا عێڕاق ڕووبەڕووی کارەساتی کێشەی ئاو بووە، ئەوەش بە چەند هۆکارێک سەری هەڵدا، وەکوو بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی ، کەمبوونەوەی

بارانبارین، هەروەها بوونی دەسەڵاتی پەڕینەوەی ئاوی نێوان سنووری وڵاتان، بەڕێوەبردنی ئاوی سنووردار، و داڕمانی ژێرخانەکەی. ئەو هۆکارانە هەمووی بوون بە هۆی کەمی ئاو قوڵبوونی کێشەکە. سەرهەڵدانی وشکایی کاریکردۆتە سەر زیاتر لە حەوت ملیۆن کەس.

گاریگەری کەمی و پەرتبوونی ئاو دەبێتە هۆی لەدەست دانی هۆکارەکانی ژیان، هەرەشە لە ئاسایشی خۆراک دەکات و کاردانەوەی نەرێنی دەبێت لەسەر یەکسانی جەندەر. هەروەها هەڕەشە لە مافەکانی مرۆڤ دەکات، و لەوانەیە کاربکاتە سەر ڕاگواستنی ناخۆیی و گواستنەوەی مەترسیدار؛ ئەو هەڕەشانە بەزۆری کاردەکاتە سەر ئافرەتان، منداڵان و گەنجان. عێراق یەکێکە لەو وڵاتانەی کە زۆر بە چڕی ڕووبەرووی گۆڕانی کەشو هەوا بووەتەوە؛ پێنجەم وڵاتە کە ڕووبەڕووی کورتهێنانی ئاو و خواردەمەنی بۆتەوە، پلەی گەرمی زۆر بەرز و کێشەکانی تەندروستی بە دوایدا دێت. وا پێشبین دەکرێ کە تاوەکوو ساڵی ٢٠٥٠، بەرەنگاری بەرزبوونەوەی یەک پلەی سەدی و تێکڕایی پلەی گەرمی و لەسەدجا بیست تاوەکوو لەسەدا سی کەمبوونەوەی ئاوی سازگار بێت. دواترین زانیاریەکان وا نیشان دەدەن کە پلەی گەرمی عێراق بەبەراورد بە تێکڕایی مێژویی پلەی کەرمییەکەی ٢٠١٥-٢٠٢٠ لە بەرزبوونەوە دایە.

هەروەها، لاوازی ژێرخانی جۆری لەکەرتی ئاو بۆتە هۆی لە دەستدانی بڕێکی زۆری ئاو لە ڕێگەی بوون بەهەڵم و کەمبوونەوەی جۆری ئاوی بە هۆی پیسبوونی ژینگە و ئاو. بە پێی ڕاپۆرتی جاسان هاوس، نزیکەی هەست بلیۆن مەتر سێجا ساڵانە بە بوون بەهەڵم لە دەست دەدا، وە لە سەدا حەفتای ئاوی پیسی پیشەسازی ڕاستەوخۆ دەچێتە ناو سەرچاوەکانی ئاو.

ئەوەی سەیرە ئەوەیە بەردەوام ئاو لە عێراق پشتگوێ خراوە. ئارەزوویەکی نابەجێ بۆ پێداچوونەوەی بەرەنگاریە ئابووریەکان و پێداویستی زۆر بۆ بوونی چوارچێوەیەکی ڕێنمایی کاریگەر وای کرد تێچووی ئاوی چارەسەر کراو نزم بێت، و کەمبوونەوەی جۆری ئاو. لە کاتێکا ئاوەدانکردنەوەی خێراو زۆربوونی دانیشتوان وایکردوە داواکاری ئاو زۆر ببێ. ئەوەش وادەکات کێشەی پەرتی ئاو لە شارەکان و شوێنە ئاوەدانکراوەکان وەکوو هەمان کێشەی نەبوونی لە گوندەکان بێت، کاتێک ئەو کێشەیە ببەستیتەوە بە کۆچکردن لە گوندەکانەوە بۆ شار و شارۆچکەکان. کەم و پەرتی ئاو دەبێتە هۆی دروستبوونی کێبڕکێ لە پێداویستی کشتوکاڵ و بەکار هێنانی ئاو لە لایەن دانیشتوانەوە.

حەوکەمەی لاواز و کێشەی درێژخایەن هۆکاری نایەکسانی جەندەر بووە لە نێوان شارەکان و گوندەکان، و پشتبەستنی نیشتمانی بە داهاتی نەوت بووەتە هۆی گرینگی نەدان بە بەرەوپێشچوونی گوندەکان. ئەوەش کاریگەریکردۆتە سەر جوتیارە خاوەن زەوی و زەارە بچووکەکان و ستراتیژی نیشتمانی پشتبەستن بە ناردنی نەوت بۆ دەرەوە و هاوردەی خۆراک وەبەرهێنانی لەبواری ئاو جۆرەکانی تری ژێرخانی گوندەکان کەمکردۆتەوە. ئەوەش هۆکاربوو بۆ داڕمانی ئاستی ئێستای ژینگە، وشکای نائاسایشی خۆراک بەرەو دۆخی ترسناک ببات، هەرچەندە عێراق وڵاتێکی دەوڵەمەندی سروشتیە.

ئەو ستراتیژیە کورتەمان لێرەدا داڕشت بۆ مەبەستی شیکردنەوەی کاریگەریەکانی وشکایی و کێشەی ئاو لە سەر جوتیارانی عێراق و نیشانی بدەین چۆن کۆمەڵگای کوندەکان بەرەو لەناوچوون دەڕوات و ئەگەر گرینگی پێنەدەین وەکوو بەشێک لە هەستپێکردنی گشتی بە گۆڕانی کەشو هەوا و وشکایی. ئەو ڕاپۆرتە زانیاری جۆری کە لە سەرچاوەی جیاوازی کۆمەڵگا کۆکراوەتەوە شیدەکاتەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکات. ئەو شیکردنەوانە تیشک دەخەنە سەر ئەو ئەلەنگاریانەی بەرە و ڕووی جوتاران دەبێتەوە لە کۆمەڵگای گوندەکان وچۆن کاردەکاتە سەر ژیانیان, هەروەها ئەو ڕاپۆرتە شیکردنەوە دەخاتە پێش چاو تایبەت بە کاریگەریەکان لەسەر کەرتی کشتوکاڵ و دراسەی پەیوەندی وشکایی و کۆچکردن دەخاتە ڕوو، بەتایبەت کۆچکردن لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان، و ناسەقامگیری شارستانی لە پارێزگا جیاوازەکانی عێراق، چی لە ئێستادا و چی لە داهاتوو. ڕاپۆرتەکە ئەو شیکردنەوانە بەکار دەهێنێ بۆ خستنەڕووی ئەو چالاکیانەی پێویستە ئەنجامبدرێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەلەنگارییەکان، و لەکاتێکا چەند پێشنیارێک دەخاتە ڕوو و بە ڕوونی تاوتوێ کراوە لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدارەکان، بەتایبەت ئەوەی بەشداریانکرد لە پرۆسەی ئەو توێژینەوەیە. پێشنیارەکان بە دوو ئاست پێشکەش کراون؛ یەکەم ئاستی تەکنیکی و دووەم ئاستی ستراتیژی.

## ڕێبازەکان

لە مانگی ئەیلولەوە تاوەکوو مانگی کانوونی یەکەم ٢٠٢١، ئۆکسفام لە عێراق و دیدای جیهان عێراق و منالٚ پاریزانی عێراق هەڵسەنگاندن و دیراسەیەکیان دەست پێکرد لەسەر گاریگەری وشکایی ناوچەکانی عێراق و چەختکردنە سەر دەرئەنجامەکانی لەسەر جوتیاران. ئەوهەڵسەنگاندنە لە حەوت پارێزگا ئەنجامدرا ( بغداد،ئەنبار، کەرکوک، سەلاحەدین، نەینەوا، دیالە و بەسرە). کۆی ١٧ گروپی تاوتوێکردن لە گەڵ جوتیارانی کۆمەڵگای کشتوکاڵ ڕێکخرا بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی

کۆکردنەوەی زانیارییەکان. لەو حەڤدە گروپە ، هەشت گروپ جوتیاری ئافرەت بوون و حەوت گروپیان جوتیاری پیاو بوون و دوو گروپیش تێکەڵ واتا جوتیاری ژن و پیاو پێکەوە. جگە لەوەش، بیست و پێنج چاوپێکەوتنی هەواڵگری ڕێکخراوە نێودەوڵەتیە ناحکومیەکان ئەنجامدرا بەئامادەبوونی نوێنەرانی خۆجێی و کاربەدەستانی فیدڕاڵ و موختارەکان (کەسەرکردایەتی کۆڵگای گوندەکان دەکەن)، و دەکرێ بەر پرسی گوند یان خێڵ (عەشیرەت) یان ڕێکخراوی جوتیاران بێت. هەوڵی تایبەت درا بۆ بەشداریکردنی نوێنەرانی بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵ و بەڕێوەبەرایەتی ئاو و بەڕێوەبەرایەتی سەرچاوەکانی ئاو لە پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیارییەکان. شیکردنەوەی زانیارییەکان پاڵپشت کرا بە پێداچوونەوەی ئەو زانیاریانەی هەبوون و تازەترین ڕاپۆرت و توێژینەوەی چاپکراو.

لەو هەڵسەنگاندنەدا، کاتی باشدرا بە جوتیارانی پیاو و ئافرەت بۆ دەربڕینی ڕاو بۆچوونیان تایبەت بە کاریگەری وشکایی لەسەر ژیان و پێداویستیەکانی ژیانیان و لەسەر کۆمەڵگا و کەرتی کشتوکاڵ بە گشتی. بۆچوونی جۆری تەواو بەکارهێنرا بۆ هەڵسەنگاندنی زانیارییەکان بەتایبەت ئەوانەی پەیوەستبوون بە جێندەر، لایەنەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی. لەکاتی پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیارییەکان ، بیرۆکەی هاوشێوەی زۆر تێبین کرا تایبەت بە کاریگەری وشکایی لەناو کۆمەڵگا، هاوڕابوونی خەڵکانی جیاواز لەسەر هۆکارە ڕیشەییەکان و کاریگەریەکان لەسەر کۆمەڵگای گوندەکان.

## کێشەکە بۆ جوتیارانە: کەرتی کشتوکاڵ لە عێراق

عێراق وڵاتێکی کشتوکاڵیە، بەتایبەت ئەو بەروبوومانەی پشت دەبەستن بە باران، وەکوو بەرهەمهێنانی گەنم و لەوەڕ، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ کێڵگەزەوی پشتبەست بە ئاودان بەکار دەهێنێ. کەرتی کشتوکاڵ تەنها لەسەدا پێنجی بەرهەمی ناوخۆییە و دووەم گەورەترین سەرچاوەی داهاتە دوای کەرتی نەوت. لەڕووی ستراتیژیەوە، کشتوکاڵ گرینگە بۆ دابینکردنی بەرووبوومی خواردن و وەک سەرچاوەیەکی داهات تەماشای دەکرێ بۆ ملیۆنان خێزانی عێراق؛ زانیارییەکانی ساڵی ٢٠١٨ وانیشاندەدەن کە لە سەدا ١٨،٧ ی هێزی کار بەکار هاتووە و لەوەش لەسەدا ٢٣،٣ ی ئافرەت بووە. لەسەدا ٢٢ ی زەوی عێراق واتا ٩،٥ ملیۆن هێکتار بۆ کشتوکاڵ کردن گونجاوە، بەڵام ئێستاکە تەنها پێنج ملیۆن هێکتار سوودی لێ وەردەگیرێ. کشتوکاڵە بچووکەکان زۆرینەی بەرووبوومەکانن و ڕێگای کلاسیکی بەکاردەهێنرێ و پشتدەبەستن بە ئاودانی سەر ڕووی زەوی و جوتیار خۆی دەیکات و زۆر بەکەمی

تەکنۆلۆجیا بەکار دەهێنرێ و وەبەرهێنانی سەرچاوەی دارایی زۆر کەم، دەرئەنجامەکەشی بەرهەمهێنانی ئاستێکی نزم.

لەسالانی ڕابووردودا کەرتی کشتوکاڵ ڕووبەڕووی ئەلەنگارییەکی زۆر بووەتەوە، لەوانەش ستراتیژی کارینەکەر، بەڕێوەبردنێکی هەڵە و بەرەنگاربوونەوە. ئێستاکە ١,٤ ملیۆن کەس ئاوارەی ناوخۆیین لە عێراق کە سەرچاوەی داهاتیان پێش ئاوارەبوون کشتوکاڵ بووە. ئەوانە ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ ژیانی پێشویان بە بێ هاوکاری کردنیان و مسۆگەرکردنی زەویەکانیان سەلامەتە و بەرهەمدارە. لە زستانی ٢٠٢١ حکومەتی عێراق پلانێکی کشتوکاڵی پەسندکرد تایبەت بە کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی زستانە لەسەر ئەو زەویانەی پشتدەبەستن بە ئاودان بە ڕێژەی لەسەدا٥٠ لەبەر پەرتی و کەمی ئاو چیتر بەرهەم نەهێنن. لەگەڵ کەمکردنەوەی چالاکی کێڵان، کەمبوونەوەی ڕاستەوخۆی بەرهەمهێنانی خواردن سەریهەڵدا. ڕێکخراوی خواردن و کشتوکاڵی نەتەوەیەکگرتوەکان ( FAO) بەڕێژەی لەسەدا حەفتای کورت هێنانی گەنم بە کۆتایی وەرز خەمڵاندوە و بەرهەم هێنانی جۆ هەر نابێت. ڕێکخراوی خواردنی جیهانی ( WFP) بۆی دەرکەوتووە کە جوتیارە هەژارە لا ڕێیەکان گوندەکان ڕێبازی نەرێنی بەکاردەهێنن بۆ بەڕێوەبردنی ژیانیان ئەویش بەڕێگەی کەمخواردن.

لەساڵی ٢٠١٨ حکومەتی عێراق پلانی پێنج ساڵەی ڕاگەیاند ( ٢٠١٨-٢٠٢٢). لەلایەنی پەیوەندی ئەوپلانە بە کەرتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، ستراتیژیەکە ئەو ئەو هەنگاوانەی خوارەوەی لە خۆ گرتبوو:

- زیاد کردنی بەشداریکردنی کەرتی کشتوکاڵ بۆ بەرهەم هێنانی نەوتی گشتی( بۆ چالاکیەکانی نا نەوتی) بەڕێژەی لە سەدا ٤,٥ لە ٢٠١٥ بۆ لەسەدا ٥,٢ لە ٢٠٢٢ و گەیاندنی ئەو ڕێژەیە بۆ لەسەدا ٨,٤ لە ساڵی مەبەست.
- وەدەستهێنانی ئاسایشی خۆراکی جێگیر و بەردەوام.
- مسۆگەرکردنی دابینکردنی ئاوی پێویستی سالانە بۆ مەبەستی بەکارهێنانی جێگیر لە کشتوکاڵ، و کەرتەکانی پیشەسازی و شارەوانی و وەدەستهێنانی هاوسەنگی ئاو، لە گەڵ ئەگەری کەمکردنەوەی ئاوی پێویست بە بڕی ٥٠٠ ملیۆن مەترە سێجا بۆ هەر ساڵێک.
- کارکردن بۆ دابین کردنی سەرچاوەکانی ئاوی جێگیر.

ئەوپلانە چەند ئەلەنگاریەکی دەستنیشانکردوە کە ڕووبەڕووی ئەو کەرتە دەبنەوە، لەنێوایاندا، حکومڕانی ئەو ئاوانەی سنووری نێوان وڵاتان دەبڕێ لە لایەن ئەو وڵاتانەی ئاوەکانی لێوەدێت و کاریگەری گۆڕانی کەش و هەوا.

زانیارییەکان وانیشاندەدەن کە لە نیوەی ساڵی ٢٠٢١ کەرتی ئاو و کەرتی کارەبا بە ڕێژەی لەسەدا نیو کەمبووبووەوە. ئەو دووکەرتە لەڕووی دارییەوە پاڵپشت کراوە و کورتهێنانیان چەقیوە لە ئەنجامی زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانیان. ئەو کێشەیە و بەستنەوەی بە کەمترین ڕێژەی باران بۆ جاری دووەم لە چل ساڵی ڕابووردوودا، کەرتی کشتوکاڵ تێکدەدات. لە ئەنجامدا نرخی کستوکاڵ بە ڕێژەی لەسەدا ٣،٣ کەمبۆتەوە لە هەمان ماوەدا. ئەوەش کاریگەری ترسناکی هەیە لە سەر ئاسایشی خۆراک بەتایبەتی لەسەر کۆمەڵگەی هەژار ئەوانەی لە گوندەکان دەژین. هەروەها جوتیاران کەوتوونەتە ژێر کاریگەی بەرزبوونەوەی خەرجی کشتوکاڵ کردن و کەمی پشتگیری دارایی و خزمەتگوزاری بەبازاڕکردن، و لەگەڵ دواخستنی خەرجی بەرووبوومەکانی کشتوکاڵ لە لایەن حکومەتەوە بەتایبەت خەرجی کڕینەوەی بەرووبوومە ستراتیژیەکان.

## گۆڕانی کەشوهەوا، وشکایی و کێشەی ئاو لە عێراق

عێڕاق یەکێکە لەو چوار وڵاتانەی پشت دەبەستێت بە ئاوی گۆمی هەردوو ڕووباری دیجلە و فوڕات، لەگەڵ تورکیا و سوریا و ئێران. لە ماوەی ساڵانی ڕابووردوودا گۆمی ئەو ڕووبارانە زۆر تەنگەژە و تێکچوونی ژینگەیی بەسەردا هاتووە ، ئەوەش بووەتە هۆی کەمبوون و پەرتی ئاو، و ڕاستەوخۆ کاریکردۆتە سەر ئەو وڵاتانەی پشت دەبەستن بەو ڕووبارانە. لە ژێر کاریگەری گۆڕانی کەش و هەوا، ماوەی وشکایی و تەوژمی وشکایی لە زیادبوون دان و بە بیابان بوون گەشەی کردووە، زۆر جار هەوجانی خۆڵبارین و لافاوی لە ناکاو ڕوودەدەن و کاردەکەنە سەر بەرووبوومی کشتوکاڵ.

لەمانگی مایسی ٢٠٢١ وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو ڕایگەیاند کە ساڵی ڕابووردوو ئاوی هەردوو ڕووبار، دیجلە و فوڕات، کە سەرچاوەی سەرکی ئاوی عێڕاقن بە ڕێژەی لەسەدا پەنجا کەمی کردووە. جگە لە دۆخی کەشو هەوا، عێڕاق وەکوو وڵاتی خوار ئاوەڕۆ، ڕووبەڕووی بەکارهێنەرانی سەروو ئاوەڕۆ بەنداو دروستکردن بۆتەوە. یەکێکە لە کەمترین وەبەرهێنەری ئاو، و زۆرترین ڕاکێشان و بەکارهێنانی ئاو بۆ کشتوکاڵ بۆ هەر تاکێک. بەپێی پلانی ستراتیژی نیشتمانی عێڕاق بۆ ئاو و سەرچاوەکانی زەوی ٢٠١٥-٢٠٣٥، سەرچاوەکانی ئاوی سازگار بۆ هەرتاکێک لەوانەیە تاوەکوو ساڵی ٢٠٣٠ دابەزێ بۆ ١٠٠٠ مەترە سێجا. لە ستراتیژیەکەدا هاتووە کە تاوەکوو ساڵی ٢٠٢٦ عێڕاق بڕو جۆری ئاوی پێویستی نابێ و پێویستە ڕیفۆڕمی کاریگەر بگرێتەبەر بۆ مەبەستی گۆڕینی ئەو هۆشیار بوونەوەیە. هەروەها پێشبین دەکرێ کە تاوەکوو ساڵی ٢٠٥٠ کەمبوونەوەی داباری بە ڕێژەی لە سەدا دە و

بەرزبوونەوەی یەک پلەی سەدی گەرمی دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ئاوی سازگار بە ڕێژەی لە سەدا بیست، و ئەوەش ئەوە دەگەیەنی تاوەکوو ئەو بەرواره نزیکەی سێ یەکی زەوی ئاودان لە عێراق ئاوی نامێنێ.

واپێشبین دەکرێ کە کێشەی ئاو لە عێراق بەردەوام بێت، و کێشەکەش سەخت تر بێت لەسەر ئاستە جیاوازەکان، لەوانەش ئاستەکانی مرۆڤایەتی و ئابووری و ئاسایش و کۆمەڵایەتی، و ترسی جووڵەی دانیشتوان. لە کاتی دابینکردنی ئاو هەمیشە گرینگی دراوە بە بەکارهێنانی ئاو لەلایەن خەڵکەوە و کەرتەسەرەکیەکان وەکوو کشتوکاڵ. بەهەرحاڵ، لەگەڵ گەشەی دانیشتوان داواکاری خواردن گەشەی سەندووە، و کەرتی کشتوکاڵ گەورەترین بەکارهێنەری ئاو بێت.

لە دۆخێکی وەک ئەوە دا ، جوتیاران لە نێوان هەموو گرووپەکانی کۆمەڵ بەرەنگاری ئەلەنگاری هەمەچەشن دەبنەوە و کاردەکاتە سەر ژیانیان و کاردەکاتە سەر توانای ڕاهاتن لەگەڵ ئەو کێشە جیاوازانە. ئەو جوتیارانەی بەشداریان کرد لەو توێژینەوەیە وای نیشان دا کە داڕمانی لەسەرەخۆیان بینیووە لە ماوەی ژیانیاندا وە توانای ڕاگرتنی داهاتیان بە کشتوکاڵ لە دابەزین دا بووە. لەکاتی پرۆسەی زانیاری کۆکردنەوە گەلێ ئەلەنگاری دەهاتە پێش جوتیاران، ئەوانەی نوێنەرایەتی نیشتیمانی ڕێکخراوە نێودەڵەتیە ناحکومەتیەکانیان و بەرپرسانی حوکومی لە بەڕێوەبەرایەتیە جیاوازەکانیان دەکرد. ئەو ئەلەنگاریان بەهۆی چەند هۆکارێکەوە سەریان هەڵداوە، لەوانەش داڕمانی باری ئابووری و کاریگەری گۆڕانی کەش و هەوا و وشکایی، ئەو فاکتەر و هۆکارانە لێرەدا بەدرێژی باسیان لێوەدەکەین.

جوتیارانی کەرکوک دەڵێن، هەندێ جار جوتیاران زەویان هەیە، بیری ئاویان هەیە، بەڵام بوودجەی پێویستیان نیە، خۆ ئەگەر بیانەوێ جوتیاری بکەن، نایکەن.

جوتیارانی کەرکوک دەڵێن، جوتیاران ناتوانن گەشەبکەن، جوتیاران وا هەستدەکەن ئەوان تێکشکێندراون و بەزیوون، ئەوان بۆ دواوە ڕۆیشتون و لە مەینەتدان.

## ڕێگادانی دارایی، زەوی و پێویستی کشتوکاڵ

پاڵپشت بە نوێنەرانی جوتیارانی پارێزگای سەلاحەدین ، پێش ساڵی ٢٠٠٣ کشتوکاڵ وەکوو دەستکەوتێکی باڵای گەش تەماشا دەکرا. حکومەت پاڵپشتی و هاوکاری جوتیارانی دەکرد بە پەین و تۆ و پێدانی قەرزی دارایی لە بانکی کشتوکاڵ. هەندێ کەس لە شارەکانەوە دەڕۆیشتن بۆ گوندەکان و ناوچە کشتوکاڵیەکان بۆ مەبەستی کشتوکاڵ کردن. هەندێک لەو پاڵپشتیانە بەردەوام بوو تاوەکوو ساڵانی ٢٠١٤- بۆ

نموونە، پێدانی قەرز بۆ دانانی سیستەمی ئاودێری مۆدێرن. ئێستا، ئەو جۆرە ئاستی پشتگیریە نەماوە.

جوتیاران دەڵێن ئەوان کەوتوونەتە ژێر کاریگەری مەترسیدار بە پشتگیری نەکردنیان و پێنەدانی پێداویستی کشتوکاڵ کردن، دەڵێن حکومەت پشتگیری زۆر کەمدەکات لە بواری پێداویستی پاڵپشت کراوی  کشتوکاڵ، هەرچەندە نرخی ئەو پێداویستیانە لە بازارە خۆجێییەکان لە بەرزبوونەوە دان. ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ کە جوتیاران پێشتر پشتیان بەستبوو بە پێداویستیە پاڵپشت کراوەکان لە لایەن حکومەتی عێراقەوە، ئەوەش وای لێدەکردن کە لە هەموو وەرزەکان زەویەکانیان بکێڵن. بەدرێژایی ساڵان جوتیاران هەستیان دەکرد بە کەمبوونەوەی پشتگیری حکومەت و لەگەڵ چەند هۆکارێکی تر، ناچاردەبوون کێڵانی زەویەکانیان کەمبکەنەوە.

زۆر لە جوتیاران کشتوکاڵی جۆ، گەنم و گەنمەشامیان دەکرد، ئەوانەش بە خواردنی ستراتیجی هەژمار دەکرێ و یان مادەی بنەمای سەرەکین بۆ هەندێ پیشەسازی ، لەوانەش چارەسی خواردن و  خواردنی ئاژەڵان ( ئالیک). وەزارەتی کشتوکاڵ پشتگیری چاندنی بەرووبوومی ستراتیجی دەکات، لەوانەش پێدانی تۆ و بەهێزکەری کیمیایی و پەین. هەروەها حکومەت بەرهەمی بەرووبوومە ستراتیژیەکان لە جوتیاران دەکرێتەوە بە نرخێکی بەرزتر لە نرخکانی بازارەکانی خۆجێیی. ڕاپۆرتەکان وانیشاندەدەن کە هەندێ جار پێدانی پارەکانیان دوادەکەوێ. ئەوەش کێشەیەکی هاوبەشە لە هەموو ئەو پارێزگایانەی دراسەکەمان لێ ئەنجامدا ، هەچەندە لە هەندێ پارێزگا وایان نیشان دا کە موستەحەقاتیان خەرج کراوە. دواکەوتنی خەرجکردنی موستەحەقاتیان کاردەکاتە سەر خۆمادەکردنیان بۆ وەرزی داهاتوو. لە هەندێ حاڵەتدا جوتیاران دەڵێن ناچاردەبن بەرووبوومەکانیان لە بازارەکانی ناوخۆ بەنرخێکی هەرزانتر بفرۆشن و نەیدەن بە حکومەت چونکە ڕاستەو خۆ پارەیان دێتە دەست. هەروەکوو لە چاوپێکەوتنەکان نیشان درا ، جوتیاران باوەڕیان وایە کە هاتنەدەستی موستەحەقاتی کەمتر ڕاستەوخۆ باشترە لە نرخێکی بەرزتر و دوابکەوێ.

جوتیاران دەڵێن بەرزبوونەوەی نرخی پێداویستەکانی کشتوکاڵ وایکردووە نەتوانن بە هاسانی بەدەستی بهێنن. زۆربەی جوتیاران بەرووبوومەکانیان بەقەرزی پێشوەخت دەفرۆشن و کڕیارەکانیان دەزانن کە دوای دروونەوەی بەروبوومیان فرۆشتنی قەرزەکان دەدەنەوە. جوتیاران ئاماژەیان بەوەکرد کڕینی پێداویستەکانی کشتوکاڵ کردن بە قەرز گرانتر دەکەوێ لە سەریان. جوتیارانی دیالە دەڵێن بە تێکرا

کڕینی پێداویستەکان بە قەرز نزیکەی لە سەدا بیست بۆ سی گرانتر دەکەوێ لەسەریان. هەرچەندە ئەوەش مەترسیە لەسەر داهاتووی جوتیاران. جوتیاران وانیشاندەدەن توانای ئەو کارە گرانکەوتووە لەسەر یان بە هۆی سەرنەکەوتنی بەرووبووی کشتوکاڵ و کەمی بارانبارین و نەبوونی توانای فرۆشتنی بەرووبوومیان لەو ڕکابەرەی بازاری خۆجێیی. زۆر لەجوتیاران پشتدەبەستن بە قەرزی پێشوەخت لەکاتی بوونی متەمانە لەنێوان جوتیاران و پێدەران یان بوونی کەسێک وەکوو زامن کار لە نێوانیان. لەگەڵ ئەوەشدا جوتیاران ناچاردەبوون قەرزەکان کۆبکەنەوە بۆ قەرز پێدەران یان بۆ دامودەزگاکانی دارایی حکومەت.

هەندێ لە جوتیاران دەڵێن لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانن زەویەکانیان بەرهەم بهێنن لە بەر نەبوونی ئاسایش و دووری چۆڵەوانی نەبوونی سیکیوریتی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی کێڵان و وەبەرهێنانی داهاتوو. هەندێکیشیان دەڵێن موڵک و ماڵ و ژێرخانی کشتوکاڵیان لەو ساڵانەی دوایی لە دەست داوە بەهۆی ناسەقامگیری و شەڕ وشۆڵ. ئەوان سوورن لەسەر گەرانەوەی موڵک وماڵیان بۆ یان چونکە سەرچاوەی داهاتیان لە دەست داوە و نەبوونی قەرەبووکردنەوە. لە پارێزگای ئەنبار، جوتیارانی ئافرەت دەڵێن ئەوان ڕاگواستراون بەهۆی ناسەقامگیری شەڕ لە گەڵ داعش و دوای ئەوەی گەڕانەوە بۆ سەر زەوی و موڵک ماڵیان ناچاربوون لە سەرەتا و لە سفرەوە دەست پێبکەنەوە، چونکە زۆربەی موڵک و ماڵیان وێران بووبوو.

## گۆڕانی کەش و هەوا، وشکایی، کەمی ئاو و خراپ بوونی جۆری ئاو

لەکاتی پرۆسەی توێژینەوەکەمان، ڕوون بوو لەلامان کە وشکەساڵی کاریگەری تەواوی هەیە لە سەر جوتیاری تاک لە گەلێ ڕووەوە. یەکێک لەو جیاوازیانەی بەدیمانکرد ئەوەبوو شوێنی زەوی تاک و سەرچاوەکانی ئاو، چی ئاوی کراوە یان سەرچاوەکانی ژێر زەوی. ئەو جوتیارانەی شوێنیان زۆر دوورە لە سەرچاوەکانی ئاوی کراوە و هێچ هۆکاری ژێرخانی وەدەست هێنانی ئاودانیان نیە. ئەو جوتیارانەی لە ڕووی داراییەوە پارێزراو نین زۆر خراپ کاریان لێدەکات چونکە ئەوانە هۆکاری داراییان نیە بۆ گرتنە بەری ڕێگایەکی تر بۆ گەیشتن بە ئاو، وەکوو هەڵکەندنی بیرەکان. زۆر لەو جوتیارانە خستیانە ڕوو کە هەڵکەندنی بیرەکان ستراتیژی بە پەلەیان بووە لەو کاتانەی ڕوو بەڕووی کەمی ئاو دەبوونەوە. ئەو کارەش بەردەوام مەترسی وەدەست نەهێنانی ئاو یان وەدەست هاتنی ئاوی سوێری بە دواوەیەن ئەو جۆرە ئاوە تەنها بۆ هەندێ بەرووبوومی دیاریکراو دەشێ. گۆرانی نرخی هەڵکەندنی بیر کێشەیەکی ترە ڕوو بە ڕووی جوتیار دەبێتەوە لەگەڵ خەرجی

پێویست لەکاتی بەکارهێنانی ئەو بیرانە، وەکوو گازوایلی و بەردەوامبوونی. بەکار هێنانی پەمپی گازوایل پێویستە جونکە بەردەوام کارەبا دەبڕێ و ئەلەنگاری گەورەیە ڕووبوڕووی جوتیار دەبێتەوە. بە هۆی زۆری بەکارهێنان، ئێستا وا پێویست دەکات بیرەکان قوڵتر بکەن بۆ ئەوەی بگەنە ئاوی ژێر زەوی. بۆ نموونە ، لە پارێزگای سەلاحەدیین جاران لە قووڵی سەد مەتر دەگەیشتە ئاو بەڵام ئێستا لە قووڵی ١٥٠ بۆ ١٨٠ مەتر بگرە زیاتریش ئینجا دەگاتە ئاو.

جوتیارێکی نێر لە دیالە گوتی - لەباغی دواوەی ماڵمان بیرمان هەڵکەند چونکە نەمانتوانی بگەینە ئاو. ئەو ئاوەی بەدەستی دەهێنین سوێرە و گونجاو نیە بۆ بەکارهێنانی بۆ مرۆڤ و کشتوکاڵ. تەنها بەکار دێ بۆ هەندێ کاری ناو ماڵ. بەو دواییە کۆچکردن دەستی پێکرد بە هۆی سەرهەڵدانی وشکایی ، و ئەگەر دۆخەکە بەو شێوەیە بمێنێتەوە، ئەوا کۆچکردن زیاد دەکات. جوتیاران بەدوای داهاتدا دەگەڕێن.

ئەلەنگاریەکی تر ڕووبەڕووی جوتیاران دەبێتەوە ئەویش تێکچوونی جۆری ئەو ئاوەی پێیان دەگات. عێراق کەوتۆتە ژێر کاریگەری تێکچوونی جۆری سەرچاوەکانی ئاوی سەرزەوی و ژێر زەوی . دوو کێشە کار دەکاتە سەر جۆری ئاو، سوێری و پیسبوون، ئەوەش زۆر جار پەیوەست دەبێ بە شارەوانی ، پیشەسازی و چالاکیەکانی کشتوکاڵ.

## بازارگەری، هەڵسان و دابەزینی نرخ، و ڕکابەری هاوردەکردن

دوو ئەلەنگاری بەیەکەوە بەستراو دەبنە هۆی دابەزینی نرخەکان لە بازارەکانی خۆجێی و ڕکابەری لەگەڵ بەرهەمە هاوردەکراوەکان. زۆر لە جوتیاران نیگەرانن بە پڕبوونی بازاڕە جۆجێییەکان بە بەرووبوومی کشتوکاڵی هاوردەکراو لە وڵاتانی دراوسێوە، لە وانەش تورکیا و ئێران. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، بەرووبوومی هاوردەکراو هەرزانترە لەوانەی لە ناوخۆ بەرهەم دەهێندرێ و لە ناو هاوڵاتیان ئارەزووی زیاتر لە سەرە و بەڵام داهاتیان بەشی کڕینی ناکات. زۆر لە جوتیاران گوتیان ئەوان بەردەوام بوون لە جوتیاری زەویەکانیان چونکە هیچ هەلێکی تریان نەبووە. جوتیاران واهەست دەکەن کە حکومەت ستراتیژیەکی بەتوانای نیە بتوانی بەرووبوومەکانیان لەو ڕکابەریەی بازاڕ بپارێزێ.

موختاری موصل دەڵێ- ستراتیژیەتی ئێستای حکومەت ڕێگادەدات بە هاوردەکردنی بەرووبوومی کستوکاڵ و بەوەش بەرووبوومی خۆجێی دەکوژێ.

بە پێی ئەو زانیارییانەی ڕێکخراوی ئۆکسفام لەساڵی ٢٠٢١ لە موصل کۆی کردۆتەوە، عێراق بەستراوەتەوە بە بازارکردنی لاواز، ڕیکخراوی لاوازی جوتیاران، و نەبوونی دیدەی ڕوونی گشتگیری تەواوی کشتوکاڵ کردن، تایبەت بە بەبازارکردنی بەرهەمەکان. جوتیاران نەبەستراونەتەوە بەو هۆکارانەی پەیوەستن پێی، بەتایبەتی ئەوانەی پێداویستەکان دەهێنن و لەگەڵ ئەوانەی سەرقاڵی وەبەرهێنانن و بەپرۆسەکردن و بە بازارکردنن. بەتایبەت یەکێک لە ئەلەنگاریە گرنگەکان کە جوتیار ڕووبەڕووی دەبێتەوە بریتیە لە هۆکارەکانی بە پرۆسەکردن. بەهۆی ئەو بەیەک دادانە، هۆکارەکانی بە پرۆسەکردن وێران بووە، بەتایبەت هۆکارەکانی وەبەرهێنانی گوڵەگەنم، دۆشاوی (ئاوی) تەماتە، ترشیاتەکان و بەرووبوومەکانی شیر؛ ئەوەش دەبێتە هۆی تێکچوونی زۆربەی دەرهاویشتەکان. بەتایبەت ئەو کاتانەی بازاڕ پڕ و تێر دەبی بە بەرووبووم.

## خزمەتگوزارییەکانی ڕێنمایی کشتوکاڵی

لەکاتێکا زۆر لەجوتیاران دەریانخست کە ئەزموونی باشیان هەیە لە گەڵ دانیشتوانە ڕاستەقینەکانی کێڵگە و توانیویانە شارەزاییانی بەهێز ناو کۆمەڵگا بەکاربهێنن، و ئاماژەیان بەو خزمەتگوزاریانە سەرەکیانە کرد کە دەزگای ڕێنمایی کشتوکاڵ پێی داون. ئەو خزمەتگوزاریانە بریتیبوون لە زیادکردنی مەعریفەتی جوتیار و هاندان و نیشاندانی باشترین و نوێترین ڕێگاکانی جوتیاریکردن و باشترکردنی بەرووبوومیان ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو ئەلەنگاریانەی دێتە پێشیان، وەکوو لەناوچوونی بەرووبوومەکانیان و پاراستنی بەرهەمەکانیان. هاوبەشەکان ڕوونیانکردەوە کە ئەوان لەنوێنەرانی حکومەتەوە ڕێنمایی خزمەتگوزاریان پێگەیشتووە، و بووەتە هۆی زۆربوونی بەرهەمەکانیان. جوتیاران ئەو جۆرە خزمەتگوزاریانە لە دابینکەرانی پێداویستیە جیاوازەکانی کشتوکاڵ داوادەکەن. هەندێ جوتیار ئێستا جەخت لە سەر پێویستی ئەو خزمەتگوزاریانە دەکەنەوە، بە بوونی ئەلەنگاری وشکایی و گۆڕانی کەش و هەوا. نوێنەری ڕێکخراوێکی نا حکومی لە کەرکوک گوتی کاربەدەستانی پەیوەندیدار ئەو ڕێنماییانە پێشکەش دەکەن، ئەوەش مەرج نیە بگونجێ لە گەڵ پێداویستی جوتیاران. ئەو ڕێنماییانە دەگاتە دەستی ئەو جوتیارانەی نزیکن لە شوێنی نیشتەجێی دانیشتوان، بەدەر لەوانەی لەگوندەکانن. ئەوەش هۆکارەکەی دەگەڕێندرێتەوە بۆ کەمی سەرچاوەی پێویست و توانای بەشێکی حکومەت. خاڵێکی تر لێرە ئەوەیە، هەرچەندە ئەو ۆێنماییانە داڕێژراوە کە بگاتە دەستی جوتیارانی نێر و مێ، بەڵام زۆربەی تەنها دەگاتە دەستی

جوتیارانی نێر. هەتا لە شوێنە گشتیەکانیش دەدرێتە جوتیارانی نێر و پێداویستەکانی جوتیارانی مێ پشتگوێ دەخرێن.

## کاریگەرییەکان

یەگێک لە گەورەترین ئەلەنگاریانەی ڕووبەڕووی جوتیاران دەبێتەوە بریتیە لە سەقامگیری و وەستان بەرامبەر کێشە لە ناکاوەکان. جوتیاران بەردەوام هەوڵدەدەن منداڵەکانیان دوور بخەنەوە  لە کشتوکاڵ کردن، و دەیانەوێ منداڵەکانیان کاری جێگیریان دەستبکەوێ. کاریگەری ئەو کێشانە زۆر روون بەدی دەکرێن  بەتایبەت لەو   جوتیارانەی پشتیان بەستوە بە کشتوکاڵ وەکوو سەرچاوەی سەرەکی داهاتیان.گرنگترین کاریگەرەکان لێرەدا باس دەکەین.

### کاریگەرەکان لەسەر جوتیاران

گەلێک لە خێزانی جوتیاران پشت دەبەستن بە کشتوکاڵ وەکوو سەرچاوەی سەرەکی داهاتیان. لە شوێنێکدا، جوتیاران گووتیان کشتوکاڵ زۆربەی کاتی ڕۆژانەیان دەگرێ، و هیچ کاتیان نامێنێ بۆ وەبەرهێنان لە سەرچاوەی تری داهات. هەروەها، زۆربەی ئەو زانستە و ئەزموونانەی هەیانە پەیوەستە بە جوتیاری کردن لەسەر زەوی و زاری خێزانیان.

پرسیارمان کرد ئایا ئەو دۆخەی ئێستا ناچاریان دەکات کشتوکاڵ بەجێبهێڵن و کۆچ بکەن؟ هەندێکیان گوتیان نەخێر، بەتایبەت ئەوان هەستی ئەوەیان هەیە کە بەستراونەتەوە بە خاکەکانیان و تێزی باب و باپیرانیان. بەهەرحاڵ دڵخۆشبوون بە بەرەنگاربوونەوەی ئەلەنگاریەکان، دڵخۆشن بە کارەکانیان و شێوازی ژیانیان. زۆر جوتیاری تر هەبوو دەیگووت ئەگەر دۆخەکە خراپتر بێت ئەوا زەویەکانیان بە جێدەهێڵن و کۆچ دەکەن. ئێستا کشتوکاڵ لە نێوگەنجەکان ئەو ئارەزووەی لەسەر نەماوە. لە ٥٢ جوتیارمان پرسی ، ئایا حەزدەکەن منداڵەکانتان کاری کشتوکاڵی بکەن ، ٤٤ یان گوتیان نەخێر. لە جیاتی کشتوکاڵ ئارەزوو دەکەن منداڵەکانیان بخوێنن، زانکۆ تەواو بکەن و ببن بە فەرمانبەری حکومەت و داهاتێکی جێگیریان هەبێ. ئەوەشیان بە پێویست دەزانی بۆ داهاتووی منداڵەکانیان و مسۆگەرکردنی سەرچاوەی ژیانی جۆرا و جۆر. بە هەمان شێوە، زۆر لە کرێکاران، ئارەزووی هەلی ئیشکردن لە شارەکان دەکەن. بۆ ئەو کرێکارانە گۆرینی ئیش لە کەرتێکەوە بۆ کەرتێکی تر، ئاسانترە، چونکە ئیشەکان پێویستی بە ئەزموونی کەمتر هەیە. بەگشتی ، خەڵک وا هەست دەکات کە لە شارەکان هەلی کار زۆرترە، و کرێی ئیشکردن بەرزترە و گەلی گەرتی جۆرا و جۆر هەیە. بە پێچەوانە ،  ئیش لە

گوندەکان سنوردارە و پەیوەستە تەنها بە کشتوکاڵ و ئەوەش وادەکات ئارەزووی ڕۆیشتن لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان سەنجڕاکێشتر بێت.

لە زۆربەی پارێزگاکان ، جوتیاران بڕی کشتوکاڵ کردنیان کەمکردۆتەوە، بۆ توزێک زۆرتر لە بەکارهێنانی ڕۆژانەی خۆیان. کەرتی ئاژەڵداری بە شێوەیەکی مەترسیدار کەوتۆتە ژێر کاریگەرەوە؛ زۆر لە جوتیاران و خاوەن ئاژەڵەکان دەڵێن لەوەرگای سەوز زۆر کەمی کردووە، لە گەڵ گرانی ئالیک . ناچاردەبن هەنێک لە ئاژەڵەکانیان بفرۆشن و ئالیکی پێبکرن بۆ ئەو ئاژەڵانەی دەمێننەوە. بە پێی ئەو دراسەتەی ئەنجومەنی پەنابەرانی نەرویجی لەسەر کاریگەری وشکایی لە سەر کۆمەڵگای جوتیاران لە عێراق لە تشرینی دووەمی ٢٠٢١ ئەنجامی دا ، لە سەدا ٣٧ ی خێزانەکان لەماوەی شەش مانکی ڕابووردوو ئاژەڵەکانیان لەدەستداوە، لەبەر کەمی ئاو و ئالیک یان بەهۆی نەخۆشیەوە. هەروەها هەندێ جوتیار بەهۆی دۆخی بازار، ئاژەڵەکانیان بە نرخێکی هەرزانتر دەفرۆشن.

جوتیارە پیاوەکانی کەرکوک- ' ئیمە ناچارین کشتوکاڵ بکەین چوونکە هیچ جۆرە هەلێکی ترمان لەبەر دەست نیە' . وشکایی کاریگەری کردۆتە سەر داهاتمان و هەموو شتێکی تر..... گوند نشینان زۆر هیلاکن.

جوتیارانی ئافرەت لە دیالە؛ ئێستا وەکوو ئەوە وایە بڵێی ' خواردنی ئێوارەم هەیە بەڵام خواردنی نیوەڕۆم نیە'.

## کاریگەری لەسەر ئافرەتان

ژنان ڕۆڵێکی سەرەکی و کاریگەریان هەیە لە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ. زۆر لە ئافرەتانی جوتیار دەڵێن ئەوان زۆربەی چالاکیەکانی کشتوکاڵی ئەنجامدەدەن، و پیاوەکان زیاتر سەرقاڵی بەرهەمی بازاڕکردنن، و هەوڵی بەدەستهێنانی پێداویستیەکانیان دەدەن. خوو و ڕەوشتی کۆمەڵگای عێراق ئیش لەسەر ئافرەتان کەمدەکاتەوە و تەنها ئەو کارەی ئەو کەرتانەی  پێدەسپێرێ گونجاو بێت لەگەڵ جێندەریان، وەکوو کەرتی کشتوکاڵ. دراسەکان وانیشان دەدەن کە زۆربەیان لە کەرتی کشتوکاڵ کار دەکەن، و زۆربەی کات لە سەر زەوی بنەماڵەیان ئیش دەکەن. کارکردنی ئافرەتان لە کەرتی کشتوکاڵ ، ڕیگادراوە و پاساو کراوە وەکوو بەشێک و تەواوکەری ئەرکەکانی ناو خێزان- نەبینراوە ، و باوەڕپێنەکراوە ، و هیچ پشتگیری ناکرێ و ئیشی سەخت و قورس. لە هەندێ لاوەوە هەڵسوکەوت بەرامبەریان گۆڕاوە و  دەستیان کردوە بە باوەڕپێکردن و هەڵسەنگاندنەوەی ئیشی کشتوکاڵی ئافرەت، دانی پێدادەنێن کە ئافرەتان پشتگوێ خرابوون لە بارەی پشتگیری کردنیان لە

چالاکیەکانی جوتیاریکردن. کاریگەری سترێسی دەرەکی خێزانی بەتایبەت لەسەر ئافرەتان پێویست دەکات جەختی لەسەر بکرێ و هەستی پێبکرێ.

ئەو ئافرەتانەی بە شداریانکرد لەو دراسەیە باسیان کرد کە هەندێکجار ڕاوێژیان پێکراوە لەسەر بڕیاردانی گونجاو بە چالاکیەکانی جوتیاریکردن، بەڵام ئەوان بەشێک نەبوون لە پرۆسەی بڕیار – دروستکردن. زۆر لەو بەشداربووانە گوتیان پیاوەکان بەرپرسن لە بڕیار دان، پیاوان دەچن بۆ بازار و لەگەڵ دابینکەران تاوتوێی دەکەن. جوتیارانی ئافرەت لە حەویجە گوتیان زانیاریان هەیە لە سەر گەلێ کاری کشتوکاڵی، ئەوەش بە هۆی بوونی ئەزموونی دوورو درێژ لە گێڵگە، بەڵام زۆر کەم بەشداری دەکەن لە بڕیاردان. تەنانەت لەو حاڵەتانەی ئافرەت سەرکردەی خێزانە دەکات و خاوەنی زەوی کشتوکاڵیە، زۆر لە جوتیاران دەڵێن پێویستە پیاو لە گەڵ دابینکەران لە بازار گەنگەشە بکات. لە حەویجە جوتیارە پیاوەکان پشتگیری جوتیاری ئافرەتی بێوەژن دەکەن، خۆبەخشانە پێداویستەکانی کشتوکاڵکردن لە بازارەوە دەهێنن بۆیان. وا پێدەچێ ئەوە کەیسێکی گشتی بێ، لەهەندێ ناوچە، ئافرەتی جوتیاری سەرۆک خێزان خۆیان بڕیار دەدەن. گرنگە جەخت بکەین کە لە زۆر شوێن لە عێراق نابینرێ، وەکوو کۆمەڵەی جوتیاران کە بەیەکەوە دادەنیشن تاوتوێی ئیشەکانیان دەکەن و ڕاوێژی یەکتری دەکەن تایبەت بەو ئەلەنگاریانەی بەرەو ڕوویان دەبێتەوە. چەندجارێک توێژەرەکان بەشداریانکرد لە کۆبوونەوەکانی ڕێکخراوەکان، نەبوونی ئافرەت لەو کۆبوونەوانە دیار بوو.

ئافرەتان لەو گروپانەن کە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری وشکایی. ئافرەتان دوو بەرپرسیاریەتیان هەیە، کاروباری خێزان و کارکردن لە گێڵگەکانی کشتوکاڵ. هەروەها، هەندێک لەو ئافرەتانەی ئەوتوێژینەوەیە گرتیانەوە، واهەست دەکەن کە دەبێ ئەوان چارەسەرەکان بدۆزنەوە لەوکاتانەی داهاتیان کەم بێ بۆ دابینکردنی پێداویستەکانی خێزانەکانیان. لەکاتی کۆچکردن ئافرەتان لە دوو ڕێگاوە دەکەونە ژێر کاریگەرەکان . ئەگەر هەموو ئەندامانی خێزان کۆچبکەن، ئەوا دەکەونە ژێرکاریگەری لەدەستدانی هۆکارەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی و تێدەکۆشن بۆ دابینکردنی هەلی کار لە شارەکان. لەگەڵ پاراستنی پرینسیپی کۆمەڵگای عێراق ، لەدەستدانی هۆکارەکانی تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی، ئەوا جوڵەو بەشداریکردنی ئافرەتان کەمدەبێتەوە و سنووردار دەبێ. بە پێچەوانەشەوە، ئەگەر تەنها پیاوان بۆ مەبەستی ئیش کۆچبکەن، ئەوا ئافرەتان بە تەواوی بەرپرسیاریەتی دابینکردنی پێداویستیەکانی خێزانەکانیان هەڵدەگرن.

## کاریگەری لەسەر منداڵانیان

منداڵەکان هەروەها لە ناو ئەو گروپانەن کە کاریان تێدەکات، کۆچکردن وادەکات خێزانەکان تراتیجی نەگێتێف بگرنەبەر و ئەوەش زۆر خراب کاردەکاتە سەر منداڵان. بەرپرسان دەڵێن منداڵان لە قوتابخانە دادەبڕێن، لە هەندێ حاڵەتدا، بۆ ئەوەی هاوکاری خێزتانیان بکەن بۆ وەدەست هێنانی داهات. کاتێک وشکایی توانای خێزانەکان کەمدەکاتە لە دابینکردنی داهاتی کشتوکاڵ، منداڵەکان دەڕۆن بۆ سەرچاوەی  جۆراو جۆری داهاتبۆ دابین کردنی پێداویستەکانی ڕۆژانەیان.

جوتیاری ئافرەت لە موصڵ- منداڵەکانمان قۆتابخانەیان بەحێهێشت؛ بە هۆی تێکچوونی کشتوکاڵ.

## دەنگی جوتیار و نوێنەریان

لە زۆربەی پارێزگاکان، جوتیاران و ڕێکخراوەکان جەخت دەکەن کە پێویستە دەنگی جوتیاران  لەلایەن بریاردەرانەوە ببیسترێ. جونکە جوتیاران تەنها خۆیان دەزانن چی جۆرە ئەلەنگاریەک ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. جوتیاران هەست ناکەن کە نوێنەرانیان وەکوو پێویست لە بریاردان بەشداردەبن یان لە داڕشتنی پلانەکان لەلایەن وەزیرەکانی پەیوەندیدار. لە کۆبوونەوەیەکی ڕێکخراوی جوتیاران لە شاری ڕەمادی پرێزگای ئەنبار، ئەندامان جەختیان کردەوە کە ئەوان زۆر لێهاتووبون لە دەستنیشانکردنی پێداویستیەکانی جوتیاران و ئەلەنگاریەکانیان، بەڵام وا هەستدەکەن کە پشتگوێ دەخرێن لە پرۆسەی بریاردان. لێرەدا جەخت دەکرێتەوە لە گرینگی بوونی نوێنەرایەتی جوتیارانی ئافرەت، ئەوەش زۆر ڕوون و ئاشکرا بوو لە کاتی پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیارییەکان کە دەنگی جوتیاری پیاوان زۆر لە دەنگی جوتیارانی ئافرەت بەرزتر بوو.

ئەندامانی ڕێکخراوی جوتیاران لە ئەنبار- ڕاوێژ بە جوتیاران ناکرێ، ڕاوێژ بە یەکیەتی جوتیاران ناکرێ، گۆێ لە دەنگی جوتیاران ناگیرێ.

## کاریگەری گشتی لەسەر کەرتی کشتوکاڵ و ئابووری عێراق

بەرهەمهێنانی خواردن لە عێراق پەیوەستە لەسەر خاوەنی کشتوکاڵی بچووک، و هەر لەسەرەتاوە توانیویانە پێداویستیەکانی دانیشتوان دابین بکەن، و ساڵانێکە بەردەوامی کەرتی کشتوکاڵ نەتوانراوە بەدی بکرێ بەهۆی گەلێ هۆکار، وەکوو شەڕ و ناسەقامگیری، پشتگوێخستن و بەڕێوەبردنی نادروست. بریاردەرانی بۆچوونی خۆجێی و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی جەخت دەکەن لەسەر قورسی ئەو کەرتە، هەروەها ئاماژەش دەکەن بە ئەلەنگاریەکان ڕووبەڕووی دەبێتەوە، لەوانە کەمی

ئاستی بەرهەمهێنان، ئەوەش پەیوەندی هەیە بە سیستەمی موڵکی جوتیاری بچووک، ئەوش هانی جوتیاران بەکەمی دەدات بەشداری بکەن لە ڕکابەری و شارەزایی لە نێوان جوتیارەکان. لەگەڵ ئەوەشدا کشتوکاڵ کردنی بچووک بنەمای سەرەکیە لە کەرتی کشتوکاڵ و سەرچاوەی دامەزراندن و کارکردنە لە ناوچە گوندنشینەکان.

هەروەها جوتیاری کردنی زەوی و زاری بچووک لە هەمووان زیاتر دەکەونە ژێر کاریگەری پێشهاتەکانن، وەکوو وشکەساڵی؛ جوتیاری زەوی و زاری گەورە باشتر دەتوانن خۆیان ڕابهێنن لە گەڵ کشتوکاڵکردنی مۆدێرن و ڕۆیشتن بەرەو سیستەمەکانی کەشی ئاودانی زیرەک. خاوەن زەویە بچووکەکان بەشداریانکرد لەو دراسەیە دەڵێن دەیانەوێ هەمان شێوازی مۆدێرن بەکار بهێنن بەڵام کەمی دارایی ڕێگرە و ناتوانن ئەو گۆڕانکاریە بکەن. هەروەها گوتیان کە بەرزی ئاستی ڕکابەری کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لەکاتی هاوردەکردنی بەرووبوومی بیانی توانا و ئارەزوویان لە وەبەرهێنانی زەویەکانیان کەمدەکاتەوە.

وردە وردە ئابووری عێراق لە کارەساتی پەتای کۆڕۆنا (کۆڤید-١٩) و داڕمانی نرخی نەوت دەبووژێتەوە، بەڵام ئێستا تووشی ئەلەنگاری پەتای کۆڕۆنای جیاوازی نوێ و ئەو هۆکارانەی پەیوەستن بە گۆڕانی کەش و هەوا بووە. مۆدێلی ئابووری وانیشاندەدات کە ئابووری گشتی عێراق بەڕێژەی لە سەدا چوار لە دابەزین دایە بە بەراورد لەگەڵ ئاستەکانی ساڵی ٢٠١٦ ، و داواکاری دەستی کاری بێ ئەزموون لە بواری کشتوکاڵ بەڕێژەی لە سەدا ١١,٦ دابەزیووە لە سیناریۆی لە سەدا بیستی کەمبوونەوەی ئاو و کەمبوونی بەرهەمی بەرووبووم لە دەرئەنجامی گۆڕانی کەش و هەوا.

## کاریگەری لە سەر کۆچکردن و ناسەقامگیری شارستانی

لەوەڵامی پرسیارێک، ئایا تۆ بەردەوام دەبیت لە کشتوکاڵ کردن؟ وەڵامی ئەو پرسیارە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر و لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی تر جیاواز بوو. کاتێک ئەو پرسیارەمان ئاراستەی جوتیارە بەتەمەنەکان کرد، ڕاستەوخۆ بە بەڵێ وەڵامیان دایەوە. کشتوکاڵ وەکوو میرات لە نەوەکانی پێشخۆیان بۆیان ماوەتەوە. جوتیارە بە تەمەنەکان ئاماژە بە گرینگی کەرتی کشتوکاڵ دەکەن بۆ کۆمەڵگای جوتیاران و بۆ وڵات بە گشتی. زۆر لەو گروپانە و بەشداربوان دەڵێن کشتوکاڵ هەمیشە نەوتی ڕاستەقینەی عێراق بووە و بەشێک لە نەوەکان شاهیدی لە گۆڕانکارییەکان دەدەن، و دەڵێن لە چەرخەکانی پێشوو جوتار پاشا بوو. لە لایەکی ترەوە، زۆر لە جوتیاران جەخت لە داڕمانی ئەو کەرتە و داڕمانی وڵات دەکەنەوە، و

نەیانتوانیوە زۆربەی زەویەکانیان وەبەر بهێنن. زۆربەیان دەڵێن ئەگەر دۆخەکە بەمشێوەیە بەردەوام بێت و کەرتی کشتوکاڵ لە داڕمان بەردەوامبێت، لە داهاتوو ناتوانن جوتیاری بکەن . لەبەر ئەو هۆیە، جوتیاران هەوڵدەدەن ، سەرچاوەی داهاتیان هەمەجۆر بکەن و زۆر لە پارێزگاکان شایەتی کۆچکردنیان لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان دەدەن، و هەوڵی هەلی کاردەدەن بۆ مەبەستی باشکردنی ژیانیان.

ڕاگوازتنی ناوخۆیی کارێکی تازەنیە بۆ عێراقیەکان؛ لە دەیان ساڵی نوێدا، چەندین شەپۆلی ڕاگواستن و کارەسات ڕوویداوە بە هۆی چەندین هۆکارەوە، لەوانەش تەنگژی نەتەوەیی و تایەفەگەری، شەری چەکداری و ئەو شەڕەی دواییەی داعش. کە شەری گەورەی داعش کۆتایی هات و ڕاگواستن کۆتایی هات، خەڵکانێکی زۆر گەڕانەوە زێدی خۆیان. هەر لەسەرەتای کارەساتی ڕاگواستن لە عێراق لە ساڵی ٢٠١٣؛ لە کانونی یەکەمی ٢٠١٧، نزیکەی سێ ملێۆن و دوو سەد هەزار لە ڕاگوازراوان گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان، ئەوەش زۆر ترە لە ژمارەی ڕاستەقینەی ڕاگوازراوان کە دوو ملێۆن شەش سەد هەزارە. بەکۆتایی تشرینی یەکەمی ٢٠١٨ زیاتر لە چوار ملێۆن خەڵکی ڕاگوازراو گەڕاونەتەوە سەر ماڵ و حاڵیان، و زانیاریەکان وانیشان دەدەن کە ڕێژەی گەڕانەوە لە کەمبوون دایە، ئێستا زیاتر لە یەک ملێۆن و نۆسەد هەزار ڕاگوازراو ماوە. هۆکارێکی تر بریتیە لە دان پێدانەنان و بڕیاری حکومەتی عێراق بە زیاتر لە ١٤ کەمپی ئاوارەکان کەنافەڕمین لە نێوان تشرینی یەکەمی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ و ناوەڕاستی کانوونی دووەمی ٢٠٢١ وە لەسەر بنەمای بەدواداچوون و تاوەکوو مانگی کانونی یەکەمی ٢٠٢١، کۆی یەک ملێۆن و ١٨٦ هەزار و پێنج سەد و پەنجاو شەش ناوخۆیی و ٤،٩٥٢،٢٣٢ گەڕاوە تۆمار کراون.

کاتێک واتای گۆڕانی کەش و هەوا و وشکایی بۆ کۆچکردن و ناسەقامگیری شارستانی شیدەکەینەوە، گەلێ ڕێبەری ڕوونی ئەو هۆکارانە هەیە دەبنە هۆی ناسەقامگیری، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی بەتۆری لە پارێزگاکان و شەپۆلەکانی کۆچکردن بگرە لە کۆچی کرێکارانەوە لە ئاستی تاکەکەسی بۆ کۆچی هەموو خێزانەکان لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان. هەندێک لەو کۆچکردنە دەگەڕێتەوە بۆ شۆکی لەناکاو یان پێویستیەکانی ژیان و هەندێکیشیان پێدەچی جێگیر بێت و درێژە بکێشێ.کاریگەری وشکایی پاڵ دەنێت بە هەندێ لە عێراقیەکان لەناوچە وشکاییەکانەوە کۆچبکەن بۆ ئەو ناوچانەی ئاوی لێیە، بۆ نموونە بۆ شارەکان و ئەوەش بەردەوام دەبێت. ئەوەش دەبێتە هۆی چول بوونی گوندەکان و زۆربوونی سترێس لەسەر دۆخی ژیان لە شارەکان. لەساڵی ٢٠١٢ نزیکەی ٢٠٠٠٠کەس لە کشتوکاڵ کەران لە ژێر کاریگەری وشکایی ڕاگوازران. لە ساڵی ٢٠١٩ هەمان شێوەی کاریگەر لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشوور ڕوویدا و ٢١،٣١٤ کەس تووشی

ڕاگواستنی ناوخۆیی بوو بەهۆی بەرزی ڕێژەی سوێری ئاو هەروەها بە هۆی سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکانی ئاو بوو لە ناو کۆمەڵگای گوندەکان و شارەکان.

هەروەها کاریگەری وشکانی ڕوون بەدی دەکرێ لە نێوان گەنجان تەمەنیان لە نێوان ١٥ بۆ ٢٤ ساڵی دەگەڕێن بەدوای هەلەکانی کار لە شارەکان. زۆر لە جوتیاران ئاماژەدەکەن بە دورکەوتنەوەی گەنجان لە کشتوکاڵ، و نەوە گەنجەکان خوێندن و کار کردن لە کەرتی گشتی بە باشتر دەزانن بۆ وەدەست هێنانی داهاتی جێگیر. جوتیاران ئەوەش دەگەڕێننەوە بۆ گەلێ هۆکار، وەکوو زیادبوونی ناسەقامگیری لە کەرتی کشتوکاڵ و بەرەو تێکچوونی ساڵ لە دوای ساڵ. هەندێ لە جوتیاران دیدەی باشیان هەیە لەسەر بواری گشتوکاڵ، بەڵام دەڵێن ئەگەر دۆخەکە هەر ئاوا بڕوات ئەوا کۆچکردن لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان زۆرتر دەبێت.

جوتیارێکی پێر لە دیالە- بە درێژایی ژیانم جوتیار بوومە. زەوەیەکە لە باپیرمەوە بۆم ماوەتەوە. ئاو نیە، لەبەر ئەوە ناتوانین لە زەویەکەمان کار بکەین. کوڕەکانم ئیشی کرێکاری دەکەن.

ئاوڕێک لە ناسەقامگیری شارستانی بدەینەوە، کەمی ئاو یەکێکە لەو هۆکارانەی دەبێتە زیادبوونی ئاستەکانی تەنگژی نەتەوەیی و عەشایری لە عێراق. کەمووکورتی سەرچاوەکان وکەموکوڕی ئەرکەکانی حکومەت، کاری هەیە لەسەر هەڵگیرسانی توندو تیژی و ئاژاوە، بەتایبەت کاتێک گوندەکان و شارەکان لە لەسەر دابەشبوونی ئابووری تێکەڵکێش دەبن. ڕاپۆرتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠١٣ چەند حاڵەتێکی ئاژاوە و پێکدادانی لە بەغدا و بەریەککەوتن لە سەر کێشەی ئاو لە کەرکوک لە نێوان گرووپەکانی نەتەوەکانی جیاواز. ئەو جۆرە تەنگژیانە تاوەکوو ئێستا لە هەندێ پارێزگا بەردەوامە، داوا لە حکومەت دەکەن کار بکات لەسەر کێشەی کارەباو دابینکردنی ئاو وە کەمی هەلەکانی کار. گۆڕانی کەش و هەوا ڕۆڵی هەیە لەسەر ترسی ئاژاوەی هەمەجۆر. ئەو جۆرە ترسانە کاردەکاتە سەر سیستەمی ئابووری ناسکی عێراق و و توانای کۆمەڵانی خۆجێی، زۆربوونی تەنگژی لەسەر سەچاوە سروشتیەکان. گۆڕانی کەش و هەوا نابێتە هۆی سەرهەڵدانی ئاژاوە، بەڵکوو دەبێتە هۆی تێکچوون و پەرتی سەرچاوە، دەبێتە هۆی نانەوەی ئاژاوە کاتێک لەگەڵ فاکتەرەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی تێکەڵ یەکتری بکرێن.

لەو دیراسەیەدا، چاوپێکەوتنمان لەگەڵ بەرپرسانی حکومی لە موصڵ ئەنجامدا، تایبەت بە بوونی تەنگژی لەسەر سەرچاوەکانی ئاو، ئەوانیش دانیان پێدانا کەچەندجارێک ئەلەنگاری لە هەندێ لە گوندەکان هەبووە لەسەر سەرچاوەکانی ئاو.

دەرئەنجامەکەی ئەوە بوو کاربەدەستان هەوڵیان دا لەو گوندە بیرهەڵبکەنن وەکوو چارەسەر، بەڵام گوندنشینان ڕێگەیان نەدا بە بیانووی ئەوەی کاردەکاتە سەر ئاوی بیرەکانیان، خۆیان پرچەک کرد و ڕێگەیان لێگرتن و نەیانهێشت بیر هەڵبکەنن.

لەهەندێ شوێن ئۆردوگای نافەرمی بەدی دەکرێ وەکوو ئەلەنگارییەک. لە سەلاحەدین پێیان گوتین کە دروست کردنی ئۆردوگای نافەرمی لە هەندێ شوێنی لادێکان بۆ ئەوەی هەلی کاری باشتر وەدەست بهێنن، خۆی لەخۆیدا سەرچاوەی گرژین . لە دیالە گوتیان پەیدابوونی ئەو جۆرە ئۆردوگایانە ، ئەرگی ئەو خزمەتگوزارە خراپەی هەیە خراپتر دەکات.

نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی ناحکومی لە موصڵ- ئەگەر ژیانگوزاری تێکبدرێ، خەڵک ناتوانی خواردنی ژیانیان دابین بکات و ئەوەش دەبێتە سەرچاوەی بەریەککەوتن.

## لەساڵی ٢٠١٨ ئاو و کارەبا نەبوو: بۆچی عێراقیەکانی باشوور گەیشتنە خاڵی داڕمان:

لەساڵی ٢٠١٨، زۆربەی خۆپیشاندەران تێکچوون لە زۆربەی شارەکان بەهۆی نەمانی خزمەتگوزاری ئاو کارەبا. خۆپیشاندان لە باشووری بەسرەوە دەستی پێکرد و بڵاو بووەوە بەرەو کەربەلا و بەغداد. خۆپیشاندەران گازندەیان دەکرد دەربارەی نەمانی و خراپی خزمەتگوزاری کاربەدەستانی ئاو و کارەبا و لاوازی بەڕێوەبردن. کابرایەکی عێراقی گوتی؛ جاری وا هەبووە یەک دڵۆپە ئاو بۆ ماوەی چوار تا پێنج ڕۆژ بە بۆریەکاندا نەهاتووە . ئەو خۆپیشاندانانە یەکەم خۆپیشاندان نەبووە لە سەر خراپی خزمەتگوزاری ئاو. لە ساڵی ٢٠١٨ وشکەساڵی بوو و بارودۆخەکەی خراپتر کردبوو و ئاو نەبوو.

## لە ساڵی ٢٠٢٠ جوتیارانی هەرێمی کوردوستان بەرووبوومی تەماتەکانیان لەسەر شەقامەکان بە پێڵاو و ئۆتۆمۆبیل شێلا وەکوو نارەزایی و دابەزینی نرخی فرۆشتن.

لەو ساڵەدا یەکێک لە جوتیارەکانی هەولێر، هەرێمی کوردوستانی عێراق، لە سەر شەقام بەرووبوومی تەماتەکەی ڕشتبوو گووتی بەرووبوومی یەک دۆنم تەماتەی فرێداوە. پێنج ملیۆن دینار تێچووی بووە و بە سەد هەزار دینار فرۆشتوویوتی، کێ پشتگیریم دەکات؟

## لە ساڵی ٢٠٢١ جوتیارکەرانی تەماتە زەرەریان کردووە.

لەساڵی ٢٠١٢ ساڵی ئەلەنگاری بوو لە هەرێمی کوردوستان بەهۆی کەمی ئاو و نەبوونی بازار بۆ ساغکردنەوەی بەرووبوومی تەماتەکەیان. لەکاتێکدا هەندێ لە جوتیاران دەستیانکرد بە بەکارهێنانی سیستەمی ئاودێری مۆدێرن و زیرەک، بەڵام ڕکابەری نرخی هەرزانی تەماتەی هاوردەکراو گەورەترین ئەلەنگاری بوو. یەکێک لە جوتیاران دەڵێ؛ تێچووی یەک کیلۆگرام تەماتە خەمڵێندرابوو بە ٥٥٠ بۆ ٦٠٠ دینار، ئێستاکە دەیفرۆشن بە ٢٠٠ بۆ ٣٠٠ دینار.

## ئەلەنگاریەکانی حەوکەمە، ستراتیژی و ئاوەکانی نێوان سنوورەکانی دەوڵەتان

کاتێک پرسیارمانکرد لە سەر سەرچاوە و ڕەگی ئەو کێشانە، ئەندێک لە بەشداربووان ئەمانەیان خستە ڕوو:

1 - کارەکانی ئەو وڵاتانەی سەرچاوەی ڕووبارەکانی لێیە
2 - پێویستی پاڵپشتی زیاتر و بوونی ستراتیژی کەمکردنەوەی بەڕێوەبردنی خراپ و زۆر کردنی سەرچاوەی پاڵپشت؛
3 - وشکەساڵی و کۆگاکردنی ئاوی باران

ناوە ناوە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دووچاری وشکە ساڵی دەبێتەوە، لەماوەی ٥٠ بۆ ٦٠ ساڵی ڕابووردوو، عێراق و سوریا و دراوسێکان ڕووبەڕووی دابەزین و کەمی ئاو بوونەتەوە. دۆخی ئەمڕۆکە لە ئەلەنگاریەکان و پەرەپێدانی ژێرخانی وڵات و بەیەکدادان و گۆڕانی کەش و هەواوە سەریهەڵداوە. ئەوەندەی پەیوەندی بە وڵاتانی سەرچاوەی ئاوەکان هەیە،بەشداربوانی ئەو دیراسەیە دەڵێن ستراتیژی تورکیا و ئێران کاری زۆری کردۆتە سەر بەشی ئاوی عێراق. هەروەها باوەڕیان وایە کە گۆڕانی کەش و هەوا و وشکایی کاری کردۆتە سەر ئەو وڵاتانەش، ئەوەش ناڕاستەوخۆ کاریکردۆتە سەر عێراق بەو کارانەی گردوتیانە بۆ چارەسەری وشکایی لەسەر هاوڵاتەکانیان. کاربەدەستێکی بەڕێوەبەرایەتی سەرچاوەکانی ئاوی ئەنبار گوتی، " وەکوو عێراق، دروستکردنی بەنداوەکان لەو وڵاتانەی سەرچاوەی ئاوەکانی لێیە، بووەتە هۆی کەمبوونەوەی بەشە ئاوی وڵاتمان".

زۆر لەبەشداربووانی ئەم دیراسەیە دەڵێن پێویستی بە کاری ستراتیژی توکمە هەیە بگرێتەبەر لە سەر ئاستی نیشتمانی بۆ مەبەستی کەمکردنەوەی لەدەستدانی ئاو ، بە تایبەت ئاوەکانی سەر ڕووکراوە، کە ئاو لە دەست دەدرێ بە پرۆسەی بوون بە هەڵم و بەکارهێنانی شێوازی خراپی سەرچاوەکانی ئاو، بەتایبەت لە لایەن ماڵەکان و کۆمەڵگاوە. هەروەها، پلانی ستراتیژی پێویستە بۆ دروونەوە و کۆگاکردنی ئاوی

باران و لافاوەکان، بەتایبەت ئەو شوێنانەی لافاوی لێڕوودەدا و بەکارهێنانیان لە وەرزەکانی وشکاییبوون. هەرچەندە، ئەو کارە زۆر پێویستە، بەڵام ئەو کارە پێویستی بە کات و دابین کردنی سەرچاوەی داریی هەیە. چەند دەسەڵاتدارێکی حکومەت ئاماژەیان کرد بە خراپی بەکارهێنانی ئاو لەلایەن جوتیارانەوە و بە کێشەیان لەقەلەمدا. هەروەها دەڵێن توانای زیاتر پێویستە بۆ چارەسەرکردنی توند و تیژی ، بەتایبەت بیرە بێ مۆڵەتەکان، لە کەڵ پێدانی زانیاری زۆرتر بە جوتیاران لە سەر شێوازی بەکارهێنانی ئاوی بیرەکان و چاککردنی تواناکانیان و ئەزموونیان. هەروەها پێویستی ئاگادارکردنەوەی هاوڵاتیان لە سەر شێوازی بەکارهێنانی سەرچاوەکانی ئاو، چونکە زۆر لەهاوڵاتیان خۆیان هۆکاری لەدەستدانی ئاون.

لەسەر ئاستی نیشتمانی ، حکومەتی عێراق داندەنێ بەوەی کە گۆڕانی کەش و هەوا کاریگەری هەیە لەسەر گواستنەوە بە رەو وزەی جیهانی و کاریگەریەکانی لەسەر ئابووری عێراق و لەسەر ئەو بابەتەش تێگەیشتنی تەوایان هەیە. حکومەتی عێراق باوەڕی هەیە کە پێویستە گرینگی بدات بە گۆڕانی کەش و هەواو کاریگەری درێژخایەنی لەسەر ئابووری و دارایی و کارێکی نیشتمانی سەرەکیە. لە کاتێکا خۆگونجاندن لە گەڵ کاریگەریەکانی گۆڕانی کەش و هەوا لە ڕێگەی چالاک کردنەوەی پرۆژەی میزۆپۆتامیا، و پلانێکی کارا دانرا بۆ مەبەشتی دابینکردنی دۆخێکی ژیانی باشتر بۆ نەوەکانی داهاتوو. لەسەرەتای ساڵی ٢٠٢١، بەرهەم سالح، سەرۆک کۆماری ئەو کاتەی عێراق ڕێکەوتنامەی پاریس تایبەت بە گۆڕانی کەش و هەوای پەسند کرد، و گووتی ئەو کارە هەنگاوێکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسی گۆڕانی کەش و هەوا. هەروەها حکومەتی عێراق ڕاپۆرتی نیشتیمانی بەشداریکردن لەو پرۆژەیە تەواو کرد و ئەوش دەبێتە هۆی کەمکردنەوە کاریگەری گۆڕانی کەش و هەوا و جەخت دەکات لە سەر دەستپاکی و نەزاهەت و بەرچاو ڕوونی. لە تشرینی دووەمی ٢٠٢١، جاسم ئەلفەلاحی وەزیری ژینگە بەوەکالەت، گوتی کە عێراق دەیویست دە بلیۆن دۆلار قەرز وەربگرێ لە بوودجەی کەش و هەوای سەوزی جیهان بۆ پشتگیری کردن لە بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانی کەش و هەوا.

## چەند کەیسێکی دیراسەی حاڵەت

## کەمبوونەوەی بەردەوامی لەسەرەخۆی ئاوەڕۆ و جۆری ئاو لە ساڵانی دەیەکانی ڕابووردوو ـ حاڵەتی بەسرە:

کاریگەری تێکچوونی ژینگە زۆر بە زەقی هەستی پێدەکرێ لە پارێزگاکانی باشووری عێراق کەمبوونەوەی لەسەرەخۆی بەردەوامی ئاوەڕۆ و جۆری ئاو لە ساڵانی دەیەی

ئەو دواییە. ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ کە کشتوکاڵ، سەرچاوەی سەرەکی ئیش و کار لە گوندەکان، ناتوانێ ژیانێکی گونجاوی جێگیر دابین بکات بۆ خەڵکانی گوندەکان. یەکێک لە دەرئەنجامەکان کۆچکردنی دانیشتوانی گوندەکانە، بەرەو شارە نزیکەکان، بۆ گەڕان بەدوای هەلی ژیانی باشتر. ئەو جۆرە کۆچکردنە بە کەش و هەوا بەستراوەتەوە و کۆی داڕمانی باری ئابووری و حکومداری کاردەکاتە سەر دانیشتوانی گوندەکان و شارەکان. بەسرە گەورەترین شاری باشوورە پێگەیەکی گەورەی ئابووری ، و کۆمەڵایەتی، و سیاسی هەیە. بە درێژایی مێژوو شارێکە کۆچبەران ڕووی تێدەکەن و ناوچەیەکە گاریگەری ئاوی سوێری لەسەرە.

ڕووباری شەت و ئەلئەرەب سەرچاوەی سەرەکی ئاوی بەسرەیە، بۆ گەلێ هۆ بەکار دەهێنرێ، لەوانەش ، ئاودان و ماسیگرتن. ڕووباری شەت و لئەرەب پێکدێت لە ئەنجامی بەیەکگەیشتنی هەردوو ڕووباری دیجلە و فوڕات و دەڕژێنە ناو کەنداوی عەرەبی (فارسی). درێژبوونەوەی زمانی خوێییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک، گۆڕانی کەش و هەوا ، وشکایی و بەکارهێنانی لە لایەن مرۆڤەوە. زۆربوونی ئاوی خوێاوی کاریکردۆتە سەر کەرتەکانی ئابووری و کشتوکاڵ. ئەو توێژینەوانەی لەو دوییە ئەنجامدرا دەریدەخەن کە زۆربەی کۆچکردنەکان لە گوندەکانی پارێزگاکانی دەوروبەرە بەرەو بەسرە دێن و پێناچێ کاتی یان وەرزی بێت. بەشداربوانی دیراسەکان ئاماژەدەکەن بەوەی کە ئەوان پێش کۆچکردن پشتیان بە کشتوکاڵ کردن بەستبوو وەکوو سەرچاوەی بژێوی ژیان. زۆربەیان هیچ پاشەکەوتێکی داراییان نەبووە، بۆیە ناچاربوون موڵک و ماڵ و ئاژەڵەکانیان بفرۆشن بۆ مەبەستی کۆچکردن.

کێشەی ئاوی ساڵی ٢٠١٨ بووە هۆی سەرهەڵدانی ناڕەزایی و خۆپێشاندانی سەرانسەری بەیەکدادان بەتایبەت گەنجەکان، داوای چاککردنی خزمەتگوزاری کەرتی تایبەتیان دەکرد. ئەوەش بووە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکانی ئاو بە هۆی بەکارهێنانی ئاوی پیس. خراپبوونی دابینکردنی ئاو لەلایەن حکومەتەوە بوو بە هۆی پێکدادانی چەکداری ، لە پەنای وەبەرهێنان و کارنەدانەوەی حکومەت.

## کات لە بەرژەوەنی ئێمەدانیە- حاڵەتی دیالە

لە بەر ئەوەی دیالە پشتی بەستووە بە ئاوی دەریاچەی حەمرین، یەکێکە لەو پاریزگایانەی زۆر خراپ کێشەی وشکایی کاریتێکردووە. ڕووباری دیالە ئاوەکەی دەڕژێنێتە ناو دەریاچەی حەمرین، سەرچاوەکەی لە ئێران هەڵدەقوڵێ. لەو ساڵانەی دوایی ئاوی دەریاچەی حەمرین بە بڕێکی بەرچاو دابەزی و ڕووبەرەکەی دابەزی بۆ نیو، و کاریکردە سەر کشتوکاڵ. لە ساڵی ٢٠٢١، بەهۆی دابەزینی ئاستی ئاو، وەزارەتی

سەرچاوەکانی ئاو ڕێگەی نەدا بە جوتیاران بەرووبوومی هاوینە بچێنن. وەزارەتی کشتوکاڵ ڕایگەیاند کەوا پارێزگای دیالە بەدەر دەبێت لە پلانی زستانەی ساڵی ۲۰۲۱-۲۰۲۲، بە هۆی کەمی سەرچاوەکانی ئاو لەو ناوچەیە. بەپێی ڕاپۆرتەکانی مێدیا، ئەو بڕیارە درا چونکە خێڵەکیەکان ڕێگەیان پێنەدرا لەلایەن ئێرانەوە. مەهدی ڕشید ئەلحەمدانی، وەزیری سەرچاوەکانی ئاو گوتی: دەسەڵاتدارانی ئێران هیچ هەستێکی ئەرێنیان نیشان نەداین تاوەکوو ئێستا ئاوی ڕووبارەکانی سیروان، کاڕون، کەرخە و ئەلوەند و لق و جۆگەلەکانیان، کارێکی کوشندەیان خستە سەر خەڵکی دیالە کە هەموو هیوایەکیان لە سەر ئاوی ئەو ڕووبارانەیە کە لە ئێرانەوە دێن. وەزیری سەرچاوەکانی ئاو گووتی، دۆسیەیان لە دژی ئێران پێشکەش بە دادگای نێودەوڵەتی کردووە، و ئەلحەمدانی تاوانی گۆڕینی ڕێڕەوی ڕوبارەکانی خستۆتە ئەستۆی ئـێران.

بەرپرسانی بەڕێوەبەرایەتیەکانی دیالە گوتیان ساڵی پار توانیان ئاوی پێویست دابین بکەن، بەڵام زستان باش نەبوو و بڕی بارانبارین زۆر کەمی کردبوو ، و ناتوان ئاو بۆ وەرزەکانی داهاتوو دابین بکەن چونکە ئێستاکە ئاوی پاشەکەوتکراو بەردەست نیە. لە یەک ناوچە، شارەبان ( مەقدادیە) بەرپرسان توانیان ئاو بۆ ناوشار دابین بکەن بەڵام بۆ گوندەکانی دەوروبەر سەرکەوتوو نەبوون. بەرپرسان گوتیان دابەشکردنی ئاو بە ناداد پەروەرانە هەیە بەهۆی نا سەقامگیری و کێشەی خێڵەکان. ترسی کۆچکردنی هەندێک لە جوتیاران لە ئارادایە . لە هەمانکاتدا حکومەت ئەگەری مەترسی کۆچکردنی لە سەرە بە هۆی نەبوونی خزمەتگوزاری ئاو چونکە ئەوانە بەتەواوی پشت بە ئاوی بیرەکان دەبەستن بۆ ژیانی ڕۆژانەیان.

بەپێی کاربەدەستانی خۆجێی ، بەڕێوەبەرایەتیەکانی وشکایی پلانیان جەخت دەکاتە سەر دابینکردنی پێداویستی کورتخایەنی سەرچاوەی ئاو، و یەکەمجار بۆ ماڵان و دوایی ئەگەر هەبوو بۆ کشتوکاڵ و کەرتەکانی تر. لە پلانی درێژخایەن، حکومەت بە نیازە کەناڵەکانی ئاو دروستبکات و ئاو هەڵبگرن و بیگوازنەوە و شێوازی ئاودانی مۆدرێن و ڕیگاکانی زیرەک بەکار بهێنن . لە هەمانکاتدا حکومەت بەتەمای بەرزکردنەوە ئاستی ئاگادار کردنەوە و هۆشیارکردنەوەیە تایبەت بە بەکار هێنانی ئاو لە لایەن کۆمەڵگاوە. هەرچەندە هەڵسەنگاندن بەردەوامە و بەڵام کەمی چالاکی و کەمی سەرچاوەکان کێشەی سەرەکین بەتایبەتی لە پارێزگاکانی ناوەڕاستی عێراق. هەندێک لە بەر پرسان ئاگاداری حکومەتیان کردۆتەوە بە گرێنگی دان بە دابین کردنی پێویستیەکان و هەوڵی دیبلۆماتی بگرنەبەر لە گەڵ وڵاتانی دراوەسێی سەرچاوەکانی ئاویان لێیە.

بەرپرسانی دیالە- ئەگەر ئاو دابین نەکەین، کۆمەڵگا شۆرش دژمان بەرپا دەکات.

جوتیاری دیالە- دەمانەوێ منداڵەکانمان جوتیاری بکەن، بەڵام ئەگەر وشکایی بێت ئەوا ناچاردەبین کۆچ بکەین.

لە دیالە لە ساڵی ٢٠٢١ چاوپێکەوتن ئەنجامدرا لە گەڵ سەرکردەکانی کۆمەڵگا و خاوەن ماڵەکان ، و منداڵەکان وایان نیشان دا کە کاری دەروونی کۆمەڵایەتی منداڵان بەرو خراپی دەڕوات بە هۆی دڵتەنگی تایبەت بە کێشەکانی وشکایی و ئەگەری بە جێهێشتنی ماڵەکانیان و ڕاگواستن بۆ ناوچەکانی تر.

## چیرۆکی محمد- ئەگەر شتەکان نەگۆڕێن، من ئێرە بەجێ دەهێڵم

محمد تەمەن ٤٩ ساڵ جوتیاری دانەوێڵەیە لە دیالە دەژی و بۆ ماوەی ٣ ساڵ ڕاگوازرابوو بەهۆی شەری داعش، ئێستا جارێکی تر بیر لە کۆچکردن لە گەڵ خێزانەکەی دەکاتەوە بەهۆی کەمی ئاو.

محمد دەڵێ خێزانەکەی دەبێ ئاوی خواردنەوە بکڕێ چونکە هێچ ڕێگایەکی تر نیە بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوە. ئەو ساڵ ناخۆشترین ساڵە لە ژیانماندا بینیومانە. من لەسەر جوتیاری دەژیم، و ئێستا دۆخەکە زۆر سەخت تر بووە. ئەو بەتوێژەرانی گوت کە ئەم وەرزە هیچ بەرووبوومێکی نەدووریوەتەوە، و گووتی: ئەو زەویە خاکێکی سەربەکێشەیە. ژیان لێرە سەختە، لە بەر ئەوە بیردەکەمەوە کۆچبکەم بەرەو کوردوستان. خێزانەکەمان لە شەش منداڵ و هاوسەرم و خۆم پێکهاتووە. هەر هەشت ئەندامی خێزانەکەمان کاریگەری لێکراوە. لە کوردوستان ڕووبەڕووی زمان دەبینەوە، منداڵەکان کوردی نازانن. محمد دەڵێ، وابزانم جارێکی تر خاکەکەمان بەجێدەهێڵین بە هۆی دابین نەکردنی ئاو. ناتوانین لێرە ئیش بکەین، خۆت دۆخەکەت بینی – لێرە ئیش نیە. من پیر بووم، ناتوانم هیچی تر ئیش بکەم . ئەگەر شتەکان نەگۆڕێ، من لێرە دەڕۆم. لەو دۆخەدا ناتوانین هیچ بکەین- ئێستا هەموو شتێک مردووە. کەش و هەوا زۆر گەرمە، چەند ساڵێک لەمەو پێش ئاوا نەبوو وە ئاو کێشەی نەبوو.



Mohammed Adnan, a crop farmer in Diyala, Iraq, did not plant on his land the past season due to the lack of water. © Pablo Tosco/Oxfam in Iraq 2021.

## کارکردنی ئێستا و لە داهاتوو

هەموو بەڵگەکان وا نیشان دەدەن کەوا جوتیارە خاوەن کشتوکاڵە بچوکەکان کەوتونەتە ژێر باری قەرزی سەخت، هیچ باوەڕیان بە دۆخی ئێستا و داهاتوو نەماوە. ئێستاش باوەڕیان بە چاکبوون هەیە چونکە کەرتی کشتوکاڵ بنەمای سەرەکی ئابووری عێراقە. ڕوون و ئاشکرایە کە جوتیاران پێویستیان بە پاڵپشتی هەیە بۆ مسۆگەرکردنی کەمترین بنەمای بژێوی ژیانیان. پێویستیان بە ڕاهاتنە لەگەڵ گۆڕانی دۆخەکان بە هۆی وشکایی و گۆڕانی کەش و هەوا.

## مۆدێرن کردنی کارکردنی کشتوکاڵی

ناوچە گوند نشینەکان پێویستیان بە پلانی ستراتیژی زۆرتر هەیە و پێویستی بە بەڕێوەبردنی باشتری سەرچاوەکانی بەردەست و مسۆگەرکردنی تەکنیکی جوتیاریکردنی مۆدێرن، لەوانەش کاری کەشی جوتیاری ژیر و سیستەمی کشتوکاڵی زیرەک. ئێستاکە جوتیاران ڕووبەڕووی کێشەی زانیاری و مەعریفەت دەبنەوە و بۆشاییەک هەیە لە زانستەکانیان، لێهاتوویان و چۆنیەتی ئەو گۆڕانە.

جوتیاران ئاگاداری ئەو ئەلەنگاریانەن کە ڕووبەروویان دەبێتەوە لە کاتی پیادەکردنی ئەو ڕێگا مۆدێرنانە، بەتایبەت کێشە داراییەکان و کەمی پشتیوانی حکومەت و کەسانی مرۆڤایەتی پەرەپێدانەکان. ئەو دیدانە بیناکراوە لە سەر ئەوەی کە بەدرێژایی مێژوو حکومەت هاوکاری جوتیارانی کردووە و جوتیاران لە ڕۆڵی کارکەرانی مرۆڤی پەرەپێدان تێدەگەن، بەتایبەت پێویستی هاوکاریکردنی جوتیاران. هاوکاری پشتیوانیکردنی لەو جۆرە – بەتایبەت لەلایەن حکومەتەوە- پرسیاری پشتبەستنی جوتیارانی بە حکومەتەوە و کەمی بەردەوامبوونی دروستکردوە. بە پێی وتەی بەرپرسێکی بەڕێوەبەرایەتی زەوی و زاری کشتوکاڵی، حکومەت بە ڕێژەی لەسەدا پەنجا پشتیوانی پەیڕەوکردنی سیستەمی ئاودێری مۆدێرنی جوتیارانی کردووە، لەوەش پشتیوانی تەکنیکی. ناوچەکانی سەعد و ڕەبیعە دوو نمونەن لەکەرکوک حکومەت پشتیوانی باشی کردوون. لە ناوچەی داقوق، ڕەزایی خۆیان دەربڕی بەوەی حکومەت سیستەمی نوێی ئاودێری بۆ داناون و دەتوانن ئەو ئاوەی پێویستیانە بۆ ئاودێری بپارێزن.

ستراتیژی حکومەت بریتیە لە بەرەو پێشبردنی کشتوکاڵ بە بەکارهێنانی کارکردن بە شێوازی مۆدێرن. لە ساڵی ٢٠٢١ وا دەرکەوت کە بە پەیڕەوکردنی شێوازی مۆدێرنی ئاودێری بە ڕێژەی لەسەدا ٣٠ تاوەکوو لەسەدا ٤٠ ئاو پاراستراوە و هەڵگیراوە بۆ کاتی پێویست بۆ ماوەی ٣ تاوەکوو ٥ ساڵی داهاتوو. یەکێک لە گۆڕانکارییەکان کە حکومەت کارپێکرد بووە هۆی پشتیوانی بەرووبوومە کشتوکاڵیەکان، نمونە، کڕینەوەی گەنم بە نرخێکی بەرزتر لە نرخی جیهانی، لە بری پشتیوانی ئاودێری مۆدێرن و ڕێگاکانی بەرووبوومی کشتوکاڵی.

## ڕاهاتن لە گەڵ ستاتیژیەکان

پێویستی بەرچاو هەیە لە سەر شیکردنەوەی ڕاهاتن و ڕووبەڕوو بوونەوەی ستراتیژی جوتیاران ، لە کاتی کۆکردنەوەی زانیاریەکان، دەرکەوت کە کشتوکاڵ سەرچاوەی سەرەکی داهاتی جوتیارانە و دەبێ سوودیان بگەیەننە بەرزتین ڕێژە. ئەوەش دەبێتە هۆی بەڕێوەبردنی نادروستی سەرچاوەکان، بەهەڵکەندنی بیری زۆر. زۆربەی جوتیاران و بەرپرسان دەزانن کە ئاوی بیرەکان سوێرە و گونجاو نیە بۆ بەکار هێنان لە لایەن مرۆڤەوە. بە بێ بارانی پێویست بۆ پڕکردنەوەی و زۆری ئاو ڕاکیشان ئاوی ژێر زەوی کەمدەکاتەوە. زۆر لەبەشداربووان دەڵێن لێدانی بیرەکان کاری نەرێنی بوو( نموونە لە موصڵ)، بەڵام هەندێ کەسی تر پێشناریان کرد کە ئەوە چارەسەرە ( نموونە لە دیالە). هەندێ لە بەرپرسان گووتیان هەندێ ناوچە ئاستی ئاوی ژێر زەوی باش هەبوو و توانرا بەکاریبهێنن بۆ کشتوکاڵ و پێداویستی

ماڵەکان، بەڵام تێگەیشتنی زیاتر دەربارەی جۆری و شوێنی ئاو پێویستە و شێوازی بەکار هێنانی گرینگە بۆ ئەوەی تەواو نەبێت، و پڕکردنەوە لاواز و کۆگاکردن. ئەوەش گرینگی بوونی پلانی ستراتیژی لە سەر ئاستەکانی خۆجێی و نیشتیمانی نیشان دەدات بۆ مەبەستی چاودێریکردن و بەڕێوەبردنی کۆگاکانی ئاوی ژێر زەوی بە شێوەیەکی گونجاو. لەو ناوچانەی تۆڕی ئاودێری باشی نیە، چاودێریکردن پێویستە، و کەمی ئاو جوتیاران ناچار دەکات یاسا پێشێل بکەن، بۆ نموونە، لێدانی بیرەکان بە بێ ئەوەی ڕەزامەندی گونجاویان لە حکومەت وەرگرتبێ. بە پێی هەندی لە بەرپرسانی بەڕێوەبەرایەتی سەرچاوەکانی ئاو، چەند یاسایەک و چوارچێوەیەک داڕێژراوە بۆ ڕێگریکردن لەو کارانە سزادانی ئەو جوتیارانە، بەڵام کێشەکان زۆر لەو یاسایانەی بەردەستە گەورەترە.  بۆ بەهێزکردنی یاساکان و چاودێریکردنی توندو تیژیەکان بەرپرسان پێویستیان بە پێداویستی هەیە ، ئەوەش لەگەڵ هەموو حاڵەتەکان ناگونجێ، و بەلایەنی کەم لەسەر ئەو ئاستەی پێویستە. بەردەوام باری سیکیوریتی وروژێندراوە. بۆ نموونە، یەکێک لە بەرپرسان دەڵێ ناسەقامگیری و نەبوونی سیکیوریتی بەردەوام بەربەست بوو لە کاتی چاوکدێریکردنی توندونیژی.

دوبارەکردنەوەی میکانیزمێکی تر لەلایەن جوتیارانەوە بریتیە لە ئاستێکی بەرزی قەرزکردن تەنها بۆ مەبەستی وەدەست هێنانی پێویستیەکانی کشتوکاڵ کردن. ئەوەش مەترسی گەورەی بەدوادا دێت کە جوتیاران ناتوانن ئەو قەرزانە بدەنەوە. ئەو دۆخە بۆ گەلێ جوتیار هاندەرنەبووە بۆ وەبەرهێنان لە زەویەکانیاندا و پەیڕەو کردنی ڕێگاکانی  مۆدێرن ، و داڕمان  لە گشت دۆخەکاندا لەبەرچاویان ڕوونە ، بەتایبەت لە ڕکابەری بەرووبوومە هاوردەکراوەکان و دابەزینی نرخی مادەکانیان. ئەو هۆکارانە هەمووی دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی داهاتی جوتیاران، ئەوەش کاردەکاتە سەر توانای دابینکردنی پێویستیەکان و بەرەنگاربوونەوەیان بۆ تەنگشەکانی داهاتوو لاوازدەکات. زۆر لەجوتیاران داهاتەکانیان و ئەو پارەیەی کۆیانکردۆتەوە خەرج دەکەن بۆ پێویستیە هەنووکەییەکان، هەندێک لە فرۆشیارانی خواردەمەنی دەڵێن نرخەکانی هەندێک لە ماددەکانی خواردنە سەرەتاییەکان بەرزدەبنەوە.

## ناساندن و چارەی ئەو شتانەی زۆر پێویستن

ئەو کێشانە لە عێراق کاردەکاتە سەر گرووپە هەستیارەکان و سترێسیان زیاتر دەکات و پاڵنەرن بۆ زۆربوونی ئەو گرووپە هەستیارانە. بۆ ئەوەی بەگونجاوی لەکاریگەریەکانی وشکایی تێبگەین، گرینگە خەسڵەتەکانی ئەو گرووپانە بناسین و تێیان بگەین بەتایبەت ئەوانەی زۆرترین گاریگەری وشکاییان لە سەرە. وشکایی

کاردەکاتە سەر هەموو دانیشتوان، بەڵام بەڵگەکان وانیشان دەدەن کە جوتیارە خاوەن زەویە بچووکەکانن لە هەمووان زیاتر زەرەر مەندن چونکە بەتەواوی پشتیان بەستوە بە باران بارین. بەتایبەت ئەو جوتیارانەی دوورن لە سەرچاوەکانی ئاو و ڕووبارەکان، ئەوەش ناچاریان دەکات کە زۆرتر خەرج بکەن بۆ دۆزینەوەی ڕێگەی تر. ناوچە دوورەکان لە ڕووبارەکانەوە و ئەو دانیشتوانەی لێی دەژین، لە هەمووان زۆرتر لەژێر مەترسی بە بیابانبوون دان ، و نەبوونی تۆڕەکانی ئاودێری گونجاو. ئەو جوتیارانەی پشتیان بە کشتوکاڵ دەبەستن بۆ دابین کردنی داهاتیان لە هەمووان زیاتر کاری تێکردوون و ناتوانن سەرچاوەکان هەمەچەشن بکەن، لەمووان زیاتر هەستدەکەن بە پێویستبوونی کۆچکردن بۆ گەڕان بەدوای سەرچاوەی جیاوازی باشتر.

کاریگەری وشکایی لە سەرانسەری عێراق وەکوو یەک نیە ، و هەستیاران زۆرتر دەکات ولە نێوان ئەوانەی هەن لە ناو هەندێ لە گروپە ڕاگوازراوەکان، ئەوانە پێیان باشە نەگەڕێنەوە سەر زێدی خویان چونکە هەموو شتێکیان لە دەست داوە، خزمەتگوزاری و ژیان و هەموو هەلێکیان لە دەستداوە. شیکردنەوەیەکی ساڵی ٢٠٢١ لەسەر گاریگەریەکانی گۆڕانی کەش و هەوا لە نێوان کەمی باران بارین و زانیاری دانیشتوانی ڕاگزازراوی ناو خۆیی و گەڕانەوەیان، نیشانی داوە کە ڕاگوازراوان زۆرترین دانیشتوانن هەستیارن بە گۆڕانی کەش و هەوا، و لە سەدا ٧٤ ی ئەوانە خەملێندراوە کە لە زۆنەکانی زۆر کەمتەرخەمکراو دەژین. زیاتر لە نیوەی خەڵکی شوێنە نافەڕمیەکان لە زۆنە پشتگوێخراوەکان دەژین و ئەوەش لە سەدا ٤٤ ی گەڕاندراوەکانن.

وشکایی کاریگەری تایبەتی هەیە لە سەر ئافرەتان، ئەوانە زۆر هەستیارن و لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە بەستراونەتەوە. ئەو هەستیاریە قوڵتر بووە وە لە حاڵەتی کۆچکردنی ناوخۆیی، بەتایبەت لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان، لە کاتێکدا سترێسی زۆرتر دەخرایە سەر توانای شارەکان بۆ مژینی پێویستی زۆرتر و داواکاریەکانی تازە گەیشتوان.

## دەرئەنجامەکان

کاتیک قسە لە گەڵ ئەکتەرە جیاوازەکان دەکەین- جوتیاران، کاربەدەستانی حکومەت یان ئەندامانی کۆمەڵەی شارستانی- وا پێدەچی ئەوانە هەموویان کاریگەری وشکایی لە ئێستادا دەبینن و بەڵام باسی چارەسەرەکان دەکەن وەکوو ئەرکێکی داهاتوو و لە ناویاندا پلاندانانی باشتر و بەڕێوەبردن. لە کاتێکدا گۆڕانکاری

داهاتوو گرینگە، ئێستا پێویستە کاربکرێ لە سەر نەهێشتنی دارمانی کۆمەڵگا و زۆربوونی هەستیارانی گرووپەکانی کاریگەربوون.

ئەکتەرانی نیشتیمانی و نیۆدەوڵەتی بەرپرسیارن لەسەر دانانی پلانی توکمە بۆ چارەسەری ئەو کێشانە و بیناکردنەوەی خۆڕاگری کەرتی کشتوکاڵ و کارکردن لەسەر پاراستنی سەرچاوەکانی ئاوی عێراق. توێژینەوەکان دەریدەخەن کە جوتیاران بەباشی لە گاریگەریەکانی گۆڕانی کەش و هەوا تێناگەن، بەڵکو تەنها بابەتی وشکایی دەبینن. جوتیاران دەڵێن ئەگەر حکومەت پشتیوانی دارایی و دابینکردنی پێداویستیەکان و بەکارهێنانی شێوازی ئاودێری زیرەک، و پشتگیریکردنی نرخی بەرووبوومەکان لە بازاڕەکانی خۆجێی بکا، ئەوا کێشەکان یەک لە دوای یەک چارەسەر دەبن.

زۆر ڕوونە کە کاربەدەستانی فەرمی، زانیاریان هەیە لە سەر وشکایی و گۆڕانی کەش و هەوا، بەڵام سیاسەتێکی توکمە پێویستە سەرهەڵبدات بۆ دانانی ستراتیژیەتێکی تەواو بۆ دابینکردنی پێداویستیەکان لە ئاستی کورت خایەن و درێژخایەن.

ئەگەر ئاوا بڕوات، پێشبین دەکرێ دۆخەکە خرابتر بێ و بەشداربووان دەڵێن هەوڵەکانی دیبلۆماسی حکومەت زۆر گرینگە بۆ کارلێکردنی ئەو وڵاتانەی ئاویان لێهەڵدەقولێ و ئەگەر کار نەکەن لەسەری ئەوا داڕوخانی کەرتی کشتوکاڵ بەردەوام دەبێ. ساڵ لەدوای ساڵ، کشتوکاڵ کەمدەکات و نەوە گەنجەکان دوور دەکەونەوە لە جوتیاری و دەگەڕێن بە دوای هەلی کاری جێگیرتر.

گۆڕانی کەش و هەوا و وشکایی کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر کەرتی کشتوکاڵ و توانای مسۆگەرکردنی خواردنی نامێنێ. ژیانی زۆر لە جوتیاران دەکەوێتە مەترسی و بەرووبوومی خواردن لە بازاڕەکان کەمدەبێتەوە و نرخەکان بەرز دەبنەوە. ئەوەش دەبێتە هۆی پشتبەستن بە هاوردەکردنی خواردن لە دەرەوەی وڵات.

چەندین خۆپێشاندان ڕێکخراوە بۆ مەبەستی چارەسەرکردن و پاڵپشتیکردنی کەرتی کشتوکاڵ و دابینکردنی ئاو و کارەبا بۆ هاوڵاتیان. کۆچکردن لە زۆربوون دایە لە گووندەکانەوە بۆ شارەکان بۆ گەڕان بەدوای داهاتی باشتر.

لە پلان و ڕەشنووسی حکومەت دا هاتووە و ئەنجومەنی وەزیران لەساڵی ٢٠٢٠ پەسندی کردووە . حکومەت پێویستی هەیە بە بیناکردنەوەی متەمانەی جوتیاران و نوێکردنەوە و مۆدێرنکردنی یاساکانی کەرتی کشتوکاڵ، لە وانەش ڕیفۆڕمی دامو دەزگاکان و پێداچوونەوەی ڕێنماییەکان. هەروەها جەخت دەکات لەسەر پشتگیری

کردنی سیستەمی ئاودێری کشوکاڵ و دابینکردنی سەرچاوەی بوودجەی پێویست و پاراستنی بەرووبوومی کشتوکاڵ. پێشنیاردەکات لە چاککردنی هەموو زنجیرەکانی کەرتی کشتوکاڵ و هاوکار بێت لە داهاتی گشتی دەوڵەت.

## پێشنیارەکان

- هەوڵی دیبلۆماتی بدرێت بۆ ڕیکخستنی بۆچوونە کاریگەرەکانی حکومداری ئەو ئاوانەی سنووری وڵاتان دەبڕن، دانانی هاوکاری درێژخایەن لە وڵاتانی دراوسێ ئەوانەی هاوبەشن لە ئاوی ڕووباری دیجلە و فورات . ستراتیژی دەبێ دابرنێ بۆ ئەوەی بەیەکسانی ژینگەدۆستی ئاوی ئەو دوو ڕووبارە بەکاربهێنرێ بە پێی پێویستی.
- لەسەر بنەمای ئێستای پلانەکانی حکومەتی عێراق، چوارچێوەیەک داڕێژرێ بۆ مەبەستی هەمەچەشنکردنی ئابووری و سوود وەرگرتن لە کەرتی کشتوکاڵ ئەوانی تر و کەمکردنەوەی پشتبەستن بە داهاتی نەوت.
- زۆرکردنی هاوبەشی کەرتی کشتوکاڵ لە بوودجەی گشتی بە دیاریکردنی سەرچاوەکانی پێویست بۆ پەرەپێدانی ئەو کەرتە، و پشتگیری کردنی جوتیاران بۆ گرینگیدان بە کشتوکاڵیان و پاراستنی لە ڕووداوەکانی گۆڕانی کەش و هەوا.
- داڕشتنی ستراتیژی ڕوون بۆ ڕاهاتن و کەمکردنەوەی کاریگەریەکانی گۆڕانی کەش و هەوا، و دیدەی ڕوون بەرەو پێویستیەکانی ئێستا و داهاتوو. ئەو ستراتیژیە پێویستی بە بڕیاردان و سیاسی و دیاریکردنی سەرچاوەکان لە لایەن حکومەتی عێڕاقەوە هەیە.
- ڕیکخستنەوەی ستراتیژیەکان بۆ پاراستنی بەرووبوومی خۆماڵی لە ڕکابەریەکانی هاوردەکردنی بەرووبوومی وڵاتانی دراوسێ. ئەو ستراتیژیە پێویستە حکومەتی فیدڕاڵ و حکومەتی هەرێمی کوردوستان پەیڕەوی بکەن.
- دانانی پلانی گونجاو بۆ داڕشتنی سیستەمی بەنرخکردنی کارەبا و سەرچاوەکانی ئاو ، بۆ ئەوەی تواناکان زیاد بکرێ و بەفیڕۆدان کەمبکرێتەوە.
- گرینگی دان بە کێشەی کۆچکردن لە گوندەکانەوە بەرەو شارەکان و دیاریکردنی سەرچاوەی دارایی بۆ دابینکردنی دۆخی ژیانی باش و ئابووریەکی بەهێز.

- بۆ مەبەستی باشتر بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو، ناساندنی پێویستیەکان، بەشداریکردنی خەڵکانی خۆجێیی لە هەموو کەرتەکان لە کاتی پرۆسەکانی بڕیارڕ دروستکردن.
- دامەزراندی سیستەمی هۆشیارکردنەوەی زوو وەخت لە ناو کۆمەڵ بۆ مەبەستی کەمکردنەوەی مەترسیەکانی وشکایی. ئەو سیستەمە ئامادەکاری دروست دەکات بۆ پاراستی بەرووبووم لە دەست نەدانی بەڕێوەبردنی ئاو بە شێوەیەکی دروست.
- پەرەپێدانی پلانی نیشتمانی بۆ کۆکردنەوەی ئاوی باران، بەتایبەت لە کاتی لافاو هەستان و سوود وەرگرتن لە ئاوی لافاوەکان لە کاتی وەرزە وشکەکان.
- پیادەکردنی ستراتیژی دروست بۆ مەبەستی بەڕێوەبردنی ئاو و کەمکردنەوە لە دەستدانەکانی و لەکاتی پەیرەوکردنی ئاودێری کۆن و کلاسیک و بوون بەهەڵم لە ئاوە ڕووکراوەکان.
- پشتیوانیکردنی جوتیاران بە درێژایی وەرزی کشتوکاڵ کردن هەر لە وەبەر هێنانەوە تاوەکوو بەبازاڕ کردن، و سوود وەرگرتن لە بەرووبوومەکان و نەخنکاندنی بازاڕی خۆجێیی.
- گرینگی دان بە یەکاکانی توێژینەوەکان، بەتایبەت سەنتەرەکانی توێژینەوەی زانکۆکان، بۆ مەبەشتی توێژینەوە و شیکردنەوەکان و دیراسەکان تایبەت بە پەرەپێدانی پلانی ستراتیژی کەرتی کشتوکاڵ لە عێراق. ئەو یەکانە دەتوانن ڕێگای گونجاو دابنێن بۆ بەرەنگار بوونەوەی کاریگەریەکانی وشکایی و گۆڕانی کەش و هەوا.
- دانانی هۆشیارکردنەوە- گەلەکۆمی کردنی پاڵپشت بە کەمی ئاو، بەڕێوەبردنی ئاو ، بەکار هێنانی ئاو بۆ جوتیاران و کۆمەڵانی خەڵک.

## کارمەندانی نیشتیمانی و نێودەوڵەتی و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار و بەڕێوەبەرایەتیەکان و ڕێکخراوە ناحکومیەکان کاربکەن بۆ:

- پشتگیری کردنی چاکردنەوە و مۆدێرنگردنی سیستەمی ئاودێری بۆ بەڕێوەبردنی بەکارهێنانی ئاو و ڕێگری شووشتنەوەی خاک و سوێربوونی خاک. بەکارهێنانی پەمپی بچووک بە وزەی خۆر کاربکات کاریگەری باشی دەبێت و چارەسەری گونجاوە بۆ دەرهێنانی ئاو لە لایەن جوتیارانەوە. بۆ ماوەی درێژخایەن کاردەکات و بەردەوامی بوونی باشە.

- پشتگیری بەڕێوەبردنی ئاوی بەردەوامی کاریگەر، بە هاندانی بەکارهێنانی ئاودان بە ڕێگەی دڵۆپە و بۆچوونی سیستەمی ژینگەیی بۆ پاراستنی ئاو. لە دۆخەکانی باران دا ، بۆچوونی سیستەمی ژینگەیی دەبێتە هۆی زۆرترین ئاو کۆگاکردن لە ناو خاکدا و لە ئاستی زۆنی ڕەگەکانی بەرووبووم. بۆنموونە، بچووککردنەوەی کێڵان، بەڕێوەبردنی هەمەجۆری و بەکار هێنانی پاوەدری ئەندامی بۆ کەمکردنەوەی بوون بەهەڵم.
- پشتگیری کردنی جوتیاران بۆ بەکار هێنانی سیستەمی ئاودێری پێشکەوتوو و ڕیگاکانی کشتوکاڵکردن و زیادکردنی دارایی بۆ پاڵپشتی کردن لەو گۆڕانکاریە.
- پاڵپشتی کردنی کشتوکاڵکردنی درێژخایەن نەک کورتخایەن . ئەوەش پاڵپشتی کردنە لە بەکارهێنانی سیستەمی کەشی ئاودێری زیرەک.
- پێدانی بوودجە و پاڵپشتی تەکنیکی بۆ ئەنجامی درێژخایەن ، وەکوو بەکارهێنانی وزەی خۆر بۆ ڕاکێشانی ئاو لە بیرە قووڵەکان.
- پێدانی سیستەمی هۆشیارکردنەوە، بە هێزکردنی تواناکان و پاڵپشتی تەکنیکی بۆ مەبەستی پیادەکردنی کشتوکاڵی کەش زیرەک و خزمەتگوزاری ڕێنمایی کشتوکاڵی و بەرەنگاربوونەوەی وشکایی.
- چالاککردنی سەکۆی جیاواز، وەکوو ڕێکخراوی جوتیاران، بۆ بیستنی دەنگی جوتیاران و لێپرسینەوە و بەشداریکردنیان و ڕاوێژکردنیان لەکاتی دروستکردنی بڕیارەکان. لەو سەکۆیانە، پێویستە دەنگی پیاوان و ئافرەتانی جوتیار ببیسترێ.
- یارمەتی بیناکردنی تواناکانی جوتیاران و مسۆگەرکردنی بەشداریکردنیان لە پرۆسەکانی بڕیار دروستکردن.
- هەوڵبدرێت متەمانەی بەکارهینەرانی بەرووبوومەکان بە بەرووبوومی ناوخۆیی بەدەستبهێنرێ.
- هاندانی ئافرەتان بۆ بەشداریکرن لە پرۆسەی بڕیاردان و ڕۆڵ بینن لە کەرتی کشتوکاڵدا.
- گرینگیدان بە سەنتەری منداڵان بۆ پاڵپشتی کەش و هەوا، منداڵان بەشی سەرەکین لە ناو گرووپەکان کە وشکایی و کەش وهەوا کاریان تێدەکات.
- بەکارهێنانی بۆچوونی پەیوەندییەکان بۆ مەبەستی پرۆگرامکردنی پێداویستیەکان و چارەسەرکردنی ڕیشەیی کێشەکان.
- دانانی پلانی ئابووری-کۆمەڵایەتی بۆ وەستان بەرامبەر ئیشەکانی نایەکسانی لە عێراق. ئەوپلانە دەبێ بەکار بهێنرێ بۆ دیزاینکردنی

پرۆگرامی گشتی ، بەرەچاوکردنی بوونی نایەکسانی لە نێوان گرووپە جیاکان و کۆمەڵگا.

- زیادکردنی لێپرسینەوە و ڕوونی لە بڕیاردان و دڵنیا بوون لە ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی نیشتیمانی و خۆجێیی لە پرۆسەکانی بڕیار دروستکردن بۆ پلاندانان و پیادەکردنی میکانیزمی لێپرسینەوە.

## کۆتایی



## وەرگێڕ:

پ.ی.د. محمەد عەزیز سەعید
لە ١٩٥٣/٩/٢٧ لە شاری قەڵادزێ لە دایک بووە.
خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی، دواناوەندی هەر لە قەڵادزێ تەواو کردووە.
لە ١٩٧٧/٦/٢٦ بەپلەی یەکەم بەشی فیزیا /کۆلێژی زانست / زانکۆی سلێمانی تەواو کردوە. وەزیری خوێندنی باڵا خەڵاتی سەرۆککۆماری پێبەخشیوە.
لە ١٩٨٠/١٢/١٢ بڕوانامەی ماستەری لە بواری کەشناسی لە زانکۆی بەرمنگهام لە وڵاتی بەریتانیا بەدەست هێناوە.
لە ٢٠٠١/٨/٢٥ بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری گەردوونناسی لە بەشی گەردوون/ کۆلێژی زانست/ زانکۆی بەغداد وەدەستهێناوە.
لەکانونی یەکەمی ٢٠٢٤ بڕوانەمەی دکتۆرای دووەمی وەدەستهێناوە لە بواری زانستەکانی ڕامیاری ( پەیوەندییەکانی ئەکادیمی نێودەوڵەتی) لە زانکۆی سیلینەس، ڕاگوسا- سەقەلیە-ئیتاڵیا
لە ٢٠٢٣\٩\٢٧ دوای چل و شەش ساڵ خزمەت لە زانکۆی سەلاحەدین خانەنشین بوو.
ئێستا بەڕیوەبەری پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان و بەڕێوەبەری کاروباری زانستی و توێژینەوەیە لە زانکۆی نۆڵج-هەولێر

**بەرهەمەکانی:**

دەیان بابەتی زانستی و وێژەیی لە ڕۆژنامەی هاوکاری، گۆڤاری کاروان، گۆڤاری زانکۆ پرێس بڵاو کردۆتەوە.
لە کەناری ئاوەکانی بابیلۆن، 22 کورتە چیرۆک لە ئینگلیزیەوە کردویە بە کوردی.
کانوونی دووەم 2022.

باڵە تێکشکاوەکان. جبران خلیل جبران.. ڕۆمان... وەرگێڕ لە ئینگلیزیەوە کردویە بە کوردی. حوزەیران 2022.
ڕۆبنسن کرۆسۆ. دانێڵ دیفۆ.... وەرگێڕ لە ئینگلیزیەوە کردویە بە کوردی. ئاب 2022
بنەماکانی زانستی بەرگی هەوا. ئاب 2022.
بەفری ڕەش. هێلین عبدالجبار پالانی... ڕۆمان.... وەرگێڕ لە کوردیەوە کردویە بە ئینگلیزی. کانونی دووەم 2023.
مەسیح بە ئاسمانی پاریسەوە.. حەمەفەریق حەسەن. وەرگێر لە کوردیەوە کردویە بە ئینگلیزی. ئادار 2023.
سێ هەزار ماچ.. حەمەفەریق حەسەن. وەرگێر لە کوردیەوە کردویە بە ئینگلیزی. ئادار 2023.
کۆلارەی ڕەنگاوڕەنگ.. حەمەفەریق حەسەن. وەرگێر لە کوردیەوە کردویە بە ئینگلیزی. ئادار 2023.
مۆبایڵ: 07504622954

## Curriculum Vitae:

**Mohammed Azeez Saeed**
Date of birth: September 27th, 1953
Place of birth: Qaladze, Sulaimane, Kurdistan Region-Iraq
Studied primary, intermediate and high school in Qaladze
On June 26th, 1977, graduated, B.Sc. degree, as a top first rank student from Physics Department, College of Science, University of Sulaimane. On the same day, the president of Iraq awarded him an Omega Golden watch.
On December 12th, 1980, he received M.Sc. degree in the field of Meteorology and Applied Climatology from the University of Birmingham-UK.
On August 25th, 2001, he received Ph.D. degree in the field of Astronomy from the University of Baghdad-Iraq.
On December 2024, he received Ph.D. degree in the field of political Science (International Academic Relations) from Selinus University, Ragusa, Sicily-Italy.
Retired on September 27th, 2023.
Currently he is working as the director of International Relations Office and as the director of Scientific and Research at Knowledge University-Erbil, Kurdistan Region-Iraq.
**Activities:** Translation of 24 short stories (novels) from English language to Kurdish language during the period of coronavirus

pandemic spread. Also he wrote a booklet titled (Basics of the Atmospheric Science) in Kurdish language.
Translation of four Kurdish novels and short stories from Kurdish language into English.
Mobile phone: 00964 (0) 750 462 2954
Mohammed.aziz@knu.edu.iq

**Oxfam GB**

Oxfam House
John Smith Drive
Cowley, Oxford, OX4 2JY
Great Britain

www.oxfam.org.uk

Dr Mohammed Azeez Saeed
Knowledge University
A59- New Zako, Erbil-Iraq

14th April 2025

Dear Dr Saeed,
Thank you for your request for permission to translate Oxfam materials. We are happy to grant you permission to use the following Oxfam material:
**"UNFARMED NOW. UNINHABITED WHEN? Agriculture and climate change in Iraq. Joint Agency: World Vision, Save the Children, Oxfam – March 2022"**

(herein The Material) in your project:

**" UNFARMED NOW. UNINHABITED WHEN? Agriculture and climate change in Iraq"**
(herein The Work) on the following terms:

Due to the nature of your publication, we grant this permission free of charge.
This permission is non-exclusive, for one edition use in your text only, in the Kurdish language, for the worldwide / global market.
It specifically includes any reprints of this edition of your publication but does not extend to use in any subsequent new editions.
Permission is also granted to reproduce The Material for website access related to The Work; to store and distribute The Material on the Internet in relation to the Work; to change the reproduction format if this is necessary for future adaptations (e.g. pdf, html); to include The Material on a DVD, DVDRoM, CD or CDRoM related to The Works.
Reproduction of The Material for promotional purposes for your project - in print or via social media, your e-mail networks of professionals & practitioners – mainly NGOs & educators – also via your newsletter - is permitted.
If The Material is edited or changed in any way in use under this grant of permission, then the acknowledgements must make this clear (see below).
This permission specifically excludes the granting of rights to further copy The Material. Any requests from institutions, organisations, or other publishers to further reproduce The Material must be referred to Oxfam.
Please use the following form of acknowledgement in your publication:
If the Material is used in its entirety, unedited, then the following wording should be used:

‘This publication is a translation of **“UNFARMED NOW. UNINHABITED WHEN? Agriculture and climate change in Iraq. Joint Agency: World Vision, Save the Children, Oxfam – March 2022”** and is published with the permission of Oxfam, Oxfam House, John Smith Drive, Cowley, Oxford OX4 2JY, UK - www.oxfam.org.uk. Oxfam does not necessarily endorse any text or activities that accompany the materials.’

If the content of The Material is edited or amended in any way, then the following wording should be used:
‘This publication is an adaptation and translation of **“UNFARMED NOW. UNINHABITED WHEN? Agriculture and climate change in Iraq. Joint Agency: World Vision, Save the Children, Oxfam – March 2022”** and is published with the permission of Oxfam, Oxfam

House, John Smith Drive, Cowley, Oxford OX4 2JY UK - www.oxfam.org.uk. Oxfam does not necessarily endorse any text or activities that accompany the materials, nor has it approved the adapted text.'

In either case, please add the following disclaimer:

''The translation of **"UNFARMED NOW. UNINHABITED WHEN? Agriculture and climate change in Iraq. Joint Agency: World Vision, Save the Children, Oxfam – March 2022"** has been undertaken by Dr Mohammed Azeez Saeed (temporarily working at the Knowledge University in Erbil, Iraq) - and sets out to be a fluent translation of the work. Oxfam is not responsible for any content in the Kurdish translation beyond that in the original English version of the paper."

The rights granted in this letter are personal to the parties to this Agreement. They may not be transferred or assigned to others without the prior written agreement of both parties.

Notwithstanding any grants made in this letter, Oxfam retains the absolute right to approve the association of its name with any third party through any exercise of the terms of this letter and reserves the right to withdraw its name from any third-party association arising from this agreement.

If the Material for which permission is granted in this letter includes text and photographs, then the photographs may only be used when integrated with the text. If you wish to use the photographs independently of the text in any form, including in promotional material for your project, on your website or in print, you will need to secure specific permission for any such use from either Oxfam or from the photographer.

All permission granted in this letter is subject to you recognising that any third party rights in any part of The Material, identified by the use of the copyright symbol (©), the registered mark symbol (®), or the trade mark symbol (™), followed by the name or mark of a third party, must be cleared with the third party and you agree to clear such permission before using The Material.

Oxfam states that, to the best of its knowledge, The Material is original and does not infringe the copyright of any other party or parties but makes no warranty that The Material does not infringe any other rights of third parties (for example but without limitation, libel) and you shall have no claim against Oxfam in relation to any such claims by third parties.

It is a requirement of this agreement that the publisher of the translation supplies Oxfam with a web ready pdf of the translated work for Oxfam to host on the Policy & Practice website on an Open Access basis. Once the translation has been completed, please send the pdf file of your publication to policyandpractice@oxfam.org.uk.

Yours sincerely,

Emily Gillingham
Publishing Team
Oxfam Great Britain

**www.oxfam.org.uk/policyandpractice**
**|twitter.com/oxfamgbpolicy | facebook.com/oxfampolicy**

# الزراعه و تغير المناخ فى العراق

## تقرير أعده منظمة ئوكسفام ، منظمة انقاذ لاطفال و رؤيا العالم

## أذار 2022

## ترجمة أ.م.د. محمد عزيز سعيد من الانكليزية الي اللغة الكوردية

## جامعة نولج – أربيل، أقليم كوردستان - العراق

## مايس 2025

# UNFARMED NOW.

# UNIHABITED WHEN?



## Agriculture and Climate Change in Iraq

A report prepared by World Vision, Save the Children

and Oxfam

March 2022

Translated into Kurdish Language by

Assistant Professor Dr. Mohammed Azeez Saeed

Erbil, Kurdistan Region – Iraq

May 2025